گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# عاسم حەیدەری/ ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ١٩٢١-١٩٧١

**هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
hoshang.muhammad@su.edu.krd

**بارزان محەمەد عەلی**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
barzan.ali@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٠/٩/٢٨
**پەسەندکردن:** ٢٠٢٠/١١/٥
**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**

*AL-Haydari, Hawler, Politics, The culture, Article*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.5.4.11

## پوختە

ئەم توێژینەوە، لە ژێر ناوی (عاسم حەیدەری ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ١٩٢١-١٩٧١)، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەری یەکەمدا، باس لە ژیانی عاسم حەیدەری و چالاکییە سیاسییەکانی کراوە، تیشک خراوەتە سەر ڕەچەڵەکی بنەماڵەی حەیدەری و پاشان چەند وێستگەیەکی ژیانیی خراوەتە ڕوو، پاشان باسی ژیانی سیاسیی عاسم حەیدەری کراوە، تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ بەرهەمەکانی، وەک بیرەوەریی و نووسینەکانی لە بوواری سیاسییدا، هەروەها تیشک خراوەتە سەر بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی، ئەوانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردووەتەوە. لەم تەوەرەدا جگە لە ئاماژەدان بە بەشێک لە وتارەکانی، شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆ وتارەکانی کراوە و گرنگییەکەی دیار کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی کەسایەتییە کوردەکان گرنگە، بەتایبەت ئەوانەی لە بوواری سیاسی و نەتەوایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، خزمەتیان کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزنرخاندنی هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی ئەو جۆرە کەسانە، کە دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە مێژووی نەتەوایەتییمان، لەلایەکی دیکەوە، بەسەرکردنەوەی ژیان و کاروچالاکی و خەباتی ئەو کەسانە، دەبێتە ئەزموونێک بۆ نەوەی تازە، تا شوێنپێی ئەوانە هەڵبگرن و لەسەر هەمان ڕێبازی نەتەوەییانەی ئەواندا بڕۆن، عاسم حەیدەری یەکێکە لەو کەسایەتییە نەتەوەییانەی کورد، کە هەوڵ و کۆشش و خەباتی لە پێناو نەتەوەکەی ئەوە دەهێنێت، لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیی مێژووییەوە بەسەربکرێتەوە.

بنەماڵەی حەیدەری، بنەماڵەیەکی دیار و هەڵکەوتووی کوردستانن و خاوەنی دەیان کەسایەتیی گەورەی سیاسی و ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیین و لە بووارە جیاجیاکاندا خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەیان کردووە، تەنانەت لەم ڕێگەیەوە قوربانی گەورەیان داوە، عاسم حەیدەری یەکێکە لە ڕوخسارە دیارە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی ئەو بنەماڵەیە و ڕۆلێکی گرنگی لە بزووتنەوەی سیاسیی شاری هەولێر بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی گێڕاوە، خاوەن هەستێکی نەتەوایەتی و نیشتیمانی بەرز بووە، ئەمەش دەبێتە بەشێک لە خەباتی نیشتیمانی و نەتەوایەتی بنەماڵەی حەیدەرییەکان.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناوونیشانە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆرجار ناوی بنەماڵەی حەیدەرییمان بەرگوێ دەکەوێت، زیاتر ناوی ساڵح و جەمال حەیدەری لە پێشەوەی ئەو ناوانە دان، کە ڕۆلی کاریگەرییان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نیشتیمانی و ڕۆشنبیریی کورددا گێڕاوە، بەڵام کاتێک باری سەرنج دەخەینە سەر ژیانی عاسم حەیدەریی براگەورەیان، هەست دەکەین کە ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتیمانی ئەو کەسە، شتێکی ئەوتۆی لە براکانی کەمتر نەبووە، بەتایبەت ئەگەر ئەوەش بڵێین، کە هەمیشە براگەورە لە نێو خێزانەکەیدا دەبێتە ئاراستەکەری هزری و ئایدۆلۆژیی، بەمەش ڕۆلی عاسم لەمەدا گرنگتر دێتە بەرچاو .

سەبارەت بە ڕێبازی لێکۆڵینەوە، بەگوێرەی تایبەتمەندی و سرووشتی زانستی لێکۆڵینەوەکە، سوود لە ڕێبازەکانی وەسفی و شیکاری و کرۆنۆلۆژی (مێژوویی) بینراوە، چونکە بابەتەکە جگە لە باسکردنی کەسایەتییێکی مێژوویی، کاریگەری دۆخی سیاسی قۆناغ دوای قۆناغ بەرسەرنج دراوە، بۆیە وەک چۆن بایەخ بە کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان دراوە، بە هەمان ئاست بابەتەکە شیکار دەکات و وەسفی کەسایەتییەکە و ڕۆلی لە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا دەخاتە ڕوو.

ئەم توێژینەوە، لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لە تەوەری یەکەمدا، باس لە ژیانی عاسم حەیدەری و چالاکییە سیاسییەکانی کراوە، لە باسی یەکەمدا، تیشک خراوەتە سەر ڕەچەڵەکی بنەماڵەی حەیدەری و پاشان چەند وێستگەیەکی ژیانیی خراوەتە ڕوو، لە باسی دووەمیشدا، باس لە ژیانی سیاسیی عاسم حەیدەری کراوە، کە هەر لە تەمەنی گەنجێتییەوە دەست پێدەکات و تا ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان بەردەوام دەبێت، تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بە نووسینەکانی، ئەم تەوەرەش بۆ دوو باس دابەش کراوە، باسی یەکەمیان تایبەتە بە بیرەوەریی و نووسینەکانی عاسم حەیدەری لە بوواری سیاسییدا، لە باسی دووەمیشدا تیشک خراوەتە سەر بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی، ئەوانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردووەتەوە. لەم تەوەرەدا جگە لە ئاماژەدان بە بەشێک لە وتارەکانی، شیکردنەوەیەکی مێژووییشی بۆ کراوە و گرنگییەکەی دیار کراوە .

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوود لە زۆر سەرچاوە وەرگیراوە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سودمان لێ بینیبێت، یادداشت و بیرەوەرییەکانن، کە لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیران، کەسی نزیک لە خانەوادەکەی، لە شێوەی کتێب، یان لە شێوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی نووسراونەتەوە. وەک بیرەوەرییەکانی ساڵح حەیدەری و کەریم ئەحمەد و محەمەدی مەلا کەریم..تاد. بەشێک لەو بیرەوەرییانەش، نووسەر خۆی نووسیویەتییەوە، وەک ئەو یادداشتەی کەوا بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ ئامادەی کردووە و لە ژمارە دووی گۆڤاری دەفتەری کوردەوارییدا بڵاوی کردووەتەوە. سەرچاوەیەکی دیکە ئەو وتارە ڕۆژنامەوانییانەن، کە دەربارەی ژیان و کەسایەتیی ئەو بڵاوکراونەتەوە، ئەوانیش وەک: وتارەکەی کەریم شارەزا لە ژێر ناوی (خەباتگێڕی پێشکەوتنخوازی کورد عاسم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حەیدەری 1921 -1971) لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان و پاشان لە گۆڤاری کەی بیست و یەک و وتارەکەی دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوول لەژێر ناونیشانی (دڵۆپی فرمێسك بۆ عاسم حەیدەری)، کە لە ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی 1971 دا بڵاوکراوەتەوە، ئەمە وێڕای سەرجەم ئەو کتێبە مێژووییانەی کە ئاماژەیان بە ڕۆل و خەباتی عاسم حەیدەری داوە، لەوانەش وەک کتێبەکەی دکتۆر ئیسماعیل شکور (اربیل ١٩٣٩-١٩٥٨) و بورهان حاتەم گۆمەتاڵی (ساڵح حەیدەری ١٩٢٢-٢٠٠١) و چەند کتێبێکی دیکە. لەگەڵ ئەمەدا، سوود لە چەند دیدارێک وەرگیراوە، کە تایبەت بوون بە ژیان و کاروکۆششی عاسم حەیدەری، لەوانەش وەک دیداری ئەحمەد دڵزار و مومتاز حەیدەری برا بچووکی عاسم، کە گەلێک لایەنی شاراوەیان لەم بارەیەوە خستووەتە ڕوو. لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە، لە هەڵە و کەموکوڕی بە دەر نیە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەڵانە بە دووربین، هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەشکردبێت.

## تەوەری یەکەم. ژیاننامە و چالاکیە سیاسییەکانی:

### یەکەم. لەدایکبوون و ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەی:

عاسم کوڕی حەیدەر کوڕی عاسم کوڕی ئیبراهیم کوڕی سوبغەتولای حەیدەرییە، لە ڕێکەوتی (1921/6/١٩) دا لە گەڕەکی (عارەبان)ی شاری هەولێر لەدایکبووە (حەیدەری، دەستنووس، ل22). سەبارەت بە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی عاسم حەیدەری، بیروڕای جیاوازی هەیە( )، بەڵام ڕای پەسند ئەوەیە، کە بنەماڵەی حەیدەرییەکانی باشووری کوردستان، بە ڕەگەز کوردن و لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەمدا، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی (1501-1722) بەرەو ناوچەکانی باشووری کوردستان کۆچییان کردووە (مەزهەر،2006، ل176 ؛ مدرس، 1984، ل 223)، ئەویش دوای ئەوەی کە دەوڵەتی سەفەوی شیعە مەزهەب، دەکەوێتە ئازاردان و تەنگپێهەڵچنینی پەیڕەوکەرانی مەزهەبی سوننە لەناو دەوڵەتەکەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەك لە بنەماڵە سوننییەکان بەرەو ناوچانەکانی ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی کۆچ بکەن، یەکێکیش لەوانە، بنەماڵەی حەیدەری بوون، دوای هاتنیان بۆناو دەوڵەتی عوسمانی، عوسمانییەکان زەویوزار و چەند گوندێکیان بە مەبەستی بەدەستهێنانی بژێوی ژیان پێبەخشیون، سەبارەت بەمە، یەکێک لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسایەتییە دیارەکانی بنەماڵەکە بە ناوی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری (1820/بەغدا-١٨٨٢/بەغدا)، ئاماژە بەوە دەدات، کە لەڕێگەی عوسمانییەکانەوە، حەیدەرییەکان بوونەتە خاوەنی چەندین گوند لە ناوچەکانی شارەزوور و هەریر (صبغة الله، 1999، ص92). بە پێی سەرچاوەیەکی تایبەت بە بنەماڵەی حەیدەرییەکان، (شێخ محەمەدی کوڕی حەیدەر پیردین) یەکەم کەس بووە، لەو بنەماڵەیە کە لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەمدا، ڕووی کردووەتە باشووری کوردستان و هەر لەوێدا ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و کوڕێکی بووە و ناوی ناوە (حەیدەر)، کە دواتر دەبێتە باپیرەگەورەی حەیدەرییەکانی کوردستان و عێراق (الراوي، 2007، ص 128-129) .

بە پێی درەختی بنەماڵەی حەیدەری، (عاسمی کوری صبغەتوڵلا) دوو کوڕی هەبووە، یەکەمیان ئیبراهیم حەیدەری (1865/هەولێر-1931/بەغدا) بووە، کە دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی ئایینی لە شاری هەولێردا، ڕووی کردووەتە شاری ئەستەنبۆڵ و لەوێ لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی، چەندین پایەی حکوومی و زانستی وەرگرتووە، لە دیارترینیان، ساڵی 1906 دەبێتە قازی ویلایەتی دیاربەکر (اینال، 1980/1/3)، لە دوای گەڕانەوەشی بۆ عێراق، لە ساڵی 1924 لە حکوومەتی یەکەمی یاسین هاشمییدا (1924/8/2 -1925/6/21) دەکرێت بە وەزیری ئەوقاف (الحسني، 1998، ص245؛ زکی، 2005، ص 66). دووەمیان حەیدەر حەیدەری (1876/ هەولێر-1954/ هەولێر)، کە دەکاتە باوکی عاسم حەیدەری، کەسێکی شارەزا بووە، لە زانستە ئایینییەکاندا، لەتەمەنی گەنجێتییدا ڕووی کردووەتە شاری ئەستەنبۆڵ و لە ڕێگەی (ئیبراهیم حەیدەری) برایەوە، وەکو فەرمانبەرێکی حکوومی دامەزراوە( ). لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918) لە ساڵی 1917 دا، بۆ شاری هەولێر دەگەڕێتەوە و لە ڕووانگەی ئایینی ئیسلامەوە دژایەتی ئینگلیزەکانی کردووە، حەیدەر حەیدەری، لە ساڵی 1920 دا لەگەڵ (فەزیلە)( )ی کچی وەلی قادر چەلەبی، کە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێر بوو، هاوسەرگیری پێکهێناوە و لەو خێزانەیدا حەوت منداڵی هەبووە، بە ناوەکانی (عاسم، ساڵح( )، جەمال( )، موهیب( )، مومتاز( )، جەمشید( )، نازەنین) (دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە 2015/1٠/24 ).

عاسم حەیدەری، لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی زانستی و ئەدەبدۆست پەروەردە بووە، بۆیە لە تەمەنی (7) ساڵی، واتە لە ساڵی (1928) دا، دەخرێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی (اربيل الثانية) دا، بەڵام لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵی 1933 دا، بەشێکی زۆری مەڕ و ماڵاتی خانەوادەی "حەیدەری " بەهۆی بەفر و بارانی زۆری ئەوساڵە، لەناو دەچن، ئەمەش خانەوادەکە دووچاری دۆخێکی خراپی ئابووری دەکاتەوە، بۆیە، قۆناغەکانی خوێندنی لە بارودۆخێکی سەختی ئابووریيدا درێژە پێدەدات (حەیدەری،1993، ل57). لەگەڵ ئەوەشدا، عاسم حەیدەری تاکوو ساڵی 1940، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی بەسەرکەوتوویی لە شاری هەولێردا تەواو دەکات و چووەتە شاری بەغدا و لەوێ لە قوتابخانەی (دار العلوم) لە (الاعظمية) دا وەرگیراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە تەمەنی هەرزەکارییدا، تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی ببوو، بۆیە خوێندنی پێ تەواو نەکراوە و گەڕاوەتەوە شاری هەولێر و ماوەیەك بێکار بووە، تاکو لە ساڵانی 1944 و 1946 دا لە فەرمانگەی (تەموین-خۆراک)دا بە فەرمانبەر دامەزراوە. ساڵی ١٩٤٨، بەهۆی چالاکی سیاسی و بەشداربوونی لە زنجیرەیەك ڕاپەرین کە شارەکانی عێراقی گرتبووەوە، دەستگیرکراوە و بە حەوت ساڵ زیندانی و سێ ساڵ دوورخستنەوە و مانەوە لە ژێر چاودێری پۆلیسدا حوکمدراوە، ئەمە وا دەکات خێزانەکەیان لە ساڵی 1949، ڕوو لە گوندی (بێریات)ی نزیک شاری هەولێر بکەن و لەوێدا نیشتەجێبن (شارەزا، 2008، ل 170). عاسم حەیدەری لە دوای ئازادکردنی، جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر پیشەی فەرمانبەری لە فەرمانگەی (تەموین)دا، تاوەکو ساڵی 1971 لە پیشەکەی خۆی بەردەوام دەبێت، لە ڕێکەوتی 20ی تەمووزی 1971 لە تەمەنی پەنجا ساڵییدا، بەهۆی ئەو نەخۆشییەی کە هەر لە هەرەتی گەنجێتییدا تووشی ببوو، سەردەنێتەوە (شارەزا، 2008، ل 171) .

هەواڵی مردنیشی لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەوسا بڵاوکراوەتەوە، (دڵۆپی فرمێسك بۆ عاسم حەیدەری)، ناوونیشانی بابەتێکە کە لە لایەن دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوول (193٤/سلێمانی-2019/سلێمانی)ەوە نووسراوە و لە ژمارە (39)ی ڕۆژنامەی ژین لە ساڵی 1971 دا بڵاوکراوەتەوە و تێیدا وەکو مرۆڤێکی دڵسۆز ناوی هێناوە و هەستی قووڵی بەرامبەر بە کۆچکردنی دەربڕیوە و شوێن و جێگای عاسم حەیدەری لە کاروانی خەباتی نەتەوەییدا بەرزنرخاندووە (مصطفى، 1971). هەر بەو بۆنەیەوە شاعیری ناسراوی کورد سامی عەوداڵ (١٩١٠/کۆیە-١٩٨٥/کۆیە) هۆنراوەیەکی لەبارەی (عاسم حەیدەری)یەوە نووسیووە و دەڵێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عاسـم هــاوبـیرم کـۆچـــت لـێ کـــردم

بۆلای یەزدان چووی پرست پێ نەکردم

کــە هاتم بـۆ لات نەت گـــۆت وا دەڕۆم

هەر بە پێکەنین ڕووی خۆت تێ کـــردم

بـە جێت هێشت لێمـان کـــاروانی سـاوا

هـەرچـــەند بە مەردی بۆت بەڕێ کردم

هـەرگـیز پیرۆزی کۆچـــت بۆ بەهەشـت

ڕووت لــە بـــاغــاتی نــاو گڵـی کـــردم

(عەوداڵ، 1971)

(چلەی تێکۆشەر عاسم حەیدەری) ناوونیشانی وتارێکی دیکەیە، کە دوو ڕۆژ پێش یادی چلەی ناوبراو بڵاوکراوەتەوە و ڕۆلی لە یەکەم ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٤٦ دا بەدەرخستووە، هاوکات بە دیارترین کەس لەنێو کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر، دژی حکوومەتی عێڕاقی ناوی هێناوە. دیارە هەر ئەو ڕۆلە دیارەی ناوبراو کە گێڕاویەتی، وایکردووە دوای دەستگیرکردنی لە لایەن حکوومەتیی عێڕاق بۆ ماوەی (10) ساڵ بڕیاری زیندانییکردنی بەسەردا بدرێت. بەو دێرە شیعرەش کۆتایی بە وتارەکە هێنراوە کە دەڵێت:

ئـەو ئاگـرەی لـە دڵمەوە بەربێتە کفنەکـەم

تا دوژمن نەکا بە زوخاڵ شەرتە پف نەکەم

(ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ:30، 1971).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیاری کورد محەمەدی مەلا کەریم (١٩٣١/بیارە-٢٠١٧/سلێمانی) چەند بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ عاسم حەیدەری لە وتارێکدا بە کورتی گێڕاوەتەوە و دەڵێت " لەو جۆرە کەسانەبوو، کە سەنگێکی ڕاستەقینەی هەبوو، لە جووڵانەوەی نیشتمانییدا" (مەلا کەریم، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ:30، 1971). ڕۆژنامەی (التأخي)یش لاپەڕەیەکی تایبەت کردووە بە هەواڵی کۆچکردنی عاسم حەیدەری، لە ژێر ناوونیشانی (من حياة الفقيد عاسم الحيدري النضالية)، تێیدا سەربردەی ناوبراوی بە وردی خستووەتە ڕوو و ڕۆلی لەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی تایبەت لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستدا بەرزنرخاندووە (التأخي، العدد:790، 1971). مومتاز حەیدەرییش بابەتێکی بە ناوونیشانی (یادی عاسم حەیدەری تێکۆشەر) نووسیوە و لە دوای کۆچکردنی، لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (١٢٦) بڵاوی کردووەتەوە و تیشکی خستووەتە سەر ژیانی ناوبراو، کە چۆن تەمەنی لاوی کردووەتە قوربانی لە پێناو پاراستن و سەرکەوتن و خواستی مافی گەلی زۆرلێکراو، بەوەی بەشێکی تەمەنی لە نێو زیندانە تاریکەکانی عێراق لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا بەخشیوە، لەپێناو سەرکەوتنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەتایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی (حەیدەری، 1972، ل٥) .

" گۆڤاری هەولێر"یش، کە گۆڤارێکی مانگانەبوو، شارەوانی هەولێر مانگی جارێک لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٢)دا دەریدەکرد، بە بۆنەی کۆچکردنی عاسم حەیدەری، لە وتارێکدا بە ناوونیشانی (لمحات من حياة المناضل المرحوم عاسم الحيدري)، پرسە و سەرەخۆشی خۆیان ئاڕاستەی بنەماڵەی حەیدەری کردووە و لە سۆنگەی ئەوەی کە عاسم حەیدەری لە زۆربەی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر وتاری پێشکەشکردووە، بۆیە کۆچی ناوبراویان بە زیانێکی گەورە بۆ جووڵانەوەی نیشتیمانی کوردی لەقەڵەم داوە (گۆڤاری هەولێر، ژ: 2، ساڵی ٢، ئەیلولی 1971) .

**دووەم/ چالاکییە سیاسییەکانی:**

گۆڕانکارییە سیاسیە یەك لە دوای یەکەکانی شاری هەولێر، لە نێوان ساڵانی (1932-1942) دا، کاریگەری ڕاستەوخۆیان بۆ سەر پێکهاتەی کەسێتی عاسم حەیدەری هەبووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی هەر لە مێردمنداڵییەوە، هەستی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری لا دروست بێت، چونکە هەر لە

سەرەتای گەنجێتییدا بە جۆرێك پەروەردە بووە، کە هەست و سۆزی لە بەرانبەر خەڵك بجووڵێت و لە ئازارەکانیان تێبگات و گیانی هاوکاری و یارمەتییدانی خەڵکی لا بەهێزبێت (دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە 14 / 7 / 2020، هەولێر). شاری هەولێر بنکەی سەرەکی سەرەتاکانی ژیانی سیاسیی عاسم حەیدەری بوو، بە تایبەت دوای ئەوەی لە ساڵانی (1942– 1943) لە نێوان لاوانی هەولێردا، بیروباوەڕی مارکسییەت بڵاوبووەوە و لە ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥)دا، بە شێوەی نهێنی چالاکییەکانیان ئەنجامداوە (جامباز، 1998، ل19). جێگای ئاماژەیە، ساڵح حەیدەری یەکێکە لە دیارترین ئەو کەسانەی کە لەم بووارەدا ڕۆڵی پێشەنگ و بەرچاوی گێڕاوە. بەتایبەت دوای ئەوەی لە پایزی ساڵی 1945 دا بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکیان ناوی (پارتی کۆمۆنیست لە کوردستانی عێڕاق) دا، بەڵام لە ناوەندی سیاسی و لە ناو جەماوەردا بە ناوی بڵاوکراوەکەیان واتە (شۆڕش) ناسرابوون (الحيدری،2004، ص242-243؛ شريف، 2007، ص159). وەك دەردەکەوێت، زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەو سەردەمەدا، بە ناوی بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانیان ناویان دەهات و دەناسران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بڵاوکراوەکان لەو سەردەمەدا. دامەزراندنی حزبێکی کۆمۆنیستی تایبەت بە کورد، لەلایەن ساڵح حەیدەری و ئەندامانی دیکە، لەوانەش عاسم حەیدەری، ڕێچکەیەکی نوێی لە ڕێبازی چەپ لە عێراقدا شکاند و قۆناغێکی نوێی هزری هێنا کایەوە، چونکە لەوکاتەدا باسکردن لە پێکهێنانی حزبێکی مارکسی تایبەت بە کورد، وەکو شتێکی نامۆ و ناپەسەند سەیر دەکرا (الطالبانی، 1971، ص139؛ اسسرد، 2008، ص9) .

" شۆڕش" هەرچەندە ژمارەی ئەندامانی زۆر نەبوو، بەڵام ئەو کەسانەی لە نێو ڕیزەکانی ئەو حزبەدا کاریان دەکرد، لەو ڕۆژگارەدا لەڕووی سیاسییەوە، کەسانێکی بە توانا و لێهاتوو بوون (دیدار لەگەڵ ئەحمەد دڵزار، لە 2015/12/21، هەولێر). گرنگترین کەسە دیارەکانی بریتیبوون، لە: ساڵح حەیدەری، عاسم حەیدەری، جەمال حەیدەر، نافع یونس (١٩٢٦/هەولێر-١٩٦٣/بەغدا)، حەمید عوسمان (١٩٢٦/هەولێر-١٩٩٣/هەولێر)، عەلی عەبدوڵلا (١٩٢٢/کۆیە-٢٠١٧/هەولێر)، نووری شاوێس (١٩٢٢/سلێمانی-١٩٨٣)، شێخە شەل (١٩٢٣/هەولێر-٢٠٠٢/هەولێر)، عەزیز محەمەد (١٩٢٤/هەولێر-٢٠١٧/هەولێر)، ڕەشید عەبدولقادر (١٩٢٣/هەولێر-...) و چەندانی دیکە ( الحيدری، 2004، ص243 ). یەکێك لە توێژەرەکان پێی وایە چەپە کوردەکان بەم کارەیان توانیویانە تەکانێك بە بزووتنەوەی

ڕزگاریخوازی کوردستان لە باشووری کوردستان بدەن، لەبەرئەوەی توانیویانە ژمارەیەك لە نیشتیمانپەروەر و نەتەوەپەروەرانی کورد لە ڕێکخستنێکی تایبەتدا کۆبکەنەوە و بزووتنەوەی کوردایەتی بەرەو ئاڕاستەیەکی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێری ببەن، کە بۆ ئەو کاتە ئەزموونێکی تازە بوو (عبدالرحمان، 2019 ، ل130).

دوای ئەوەی سەرکردایەتی "شۆڕش" درکیان بەو ڕاستییە کرد، کە ئەگەرەکانی سەرکەوتنیان لاوازە، لە بنیادنان و زیندووکردنەوەی گیانی تێکۆشان لەسەر بنەمای سۆشیالیستی لەناو گەلی کورددا، بۆیە بیریان لەوە کردەوە، ڕێکخراوێکی جەماوەری و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی پێشڕەو دروست بکەن کە هەموو هێزە نیشتیمانی و گرووپە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی عێراق لە خۆبگرێت (شەمزینی، 1998، ل195؛ فتح الله، 1998، ص15). بەمجۆرە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی شۆڕش و بە دەنگەوە هاتنی نیشتمانپەروەرانی کورد، دوای چەندین دانوستان و ڕاگۆڕینەوە لە زستانی 1945 یەکەم بەیانی حزبی ڕزگاری کورد ڕاگەینرا (شەمزینی، 1998، ل270 )

لەگەڵ هاتنە دامەزراندنی حزبی ڕزگاری، شۆڕش وەك پارتێکی چەپ لە گۆڕەپانی کارکردن لە باشووری کوردستان مایەوە، بەڵام ئەندامەکانی لە ناو ڕزگاریدا ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە، دیارە ئەمەش وەك پێش مەرجێك هەریەك لە کوردە مارکسییەکان مەبەستیان بووە پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن، (عاسم حەیدەری) یەکێك بووە لە دیارترین چالاکوانانی حزبی ڕزگاری، کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە هەڵسووڕاندن و جێبەجێکردنی ڕێکخستنەکانی ئەو حزبە (دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە 2020/7/14، هەولێر).

بەشێك لە ئەندامانی ڕزگاری ئەو کاتە چالاکی سیاسییان ئەنجام داوە، لەم چوارچێوەیەشدا، زۆر بە گوروتینەوە کاریان دەکرد،ئەمەش وایکردبوو ئەندامانی ئەو حزبە، هەردەم لە ژێر چاودێری پۆلیس بن، بەتایبەتی لە چایخانەکان یاخود لە کتێبخانەی هەولێر کە خاوەنەکەی (شێخەشەل) بووە، کە زۆر جاران لەوێ کۆبوونەوەکانی خۆیان ئەنجام دەدا( ). هەروەها، گرنگییێکی زۆری بە چالاکییە جەماوەرییەکان دەدا، لەم سۆنگەشەوە بۆنە نەتەوەییەکانی بە دەرفەت دەزانی بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر و سازدانی ئاهەنگی تایبەتی و وتار خوێندنەوە کە سەرچاوەیەکی دیکەی جۆشدان و هاندانی

جەماوەر بوو، بۆ تێکۆشان و کۆششکردن لە پێناو مافەکانیاندا، لەم چوارچێوەیەشدا، عاسم حەیدەری لە ڕێکەوتی (21 ئاداری 1946) دا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆز، ڕۆڵێکی دیاری لە ئامادەکردنی ئاهەنگەکەدا گێڕا (دەفتەری کوردەواری، ژ:٢، مارتی١٩٧٠، ل١٠)، دواتریش وتاری ئاهەنگەکە لە لایەن (عاسم حەیدەری) لە بەردەم موتەسەریفی هەولێر (سەعید قەزاز) دا خوێندرایەوە (محەمەد، 2005، ل113) .

خەڵکی لە هەموو لایەکی شارەوە ڕوویان کردە گۆڕەپانی ئاهەنگەکە، پیاو و ژن و لاو گەورە و بچووك، هەروەها بەشێکی زۆری جووتیارەکانی گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر بەشداریان تێیدا کرد، ئاهەنگەکە لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بە سروودی (ئەی ڕەقیب) دەستی پێکرد، ئینجا عاسم حەیدەری بە ناوی لێژنەی ئاهەنگەوە وتارێکی خوێندەوە و ڕایگەیاند ئەم جەژنە، جەژنی نەتەوایەتی هەموو کوردە، ئەو نەتەوەیەی وڵاتەکەیان لە لایەن ئیمپریالیزمەوە دابەشکراوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ئەو ئیمپریالیزمەی کە لەسەر سیاسەتی میکیاڤیلیانە(١٠) دەڕوات بۆ مانەوەی دەسەڵاتی، لەبەر ئەوە پێویستە نیشتمانپەروەرانی کورد لە عێراقدا، خەباتێکی بێوچان لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی عەرەبدا لەبەرگرییێکی فراواندا بکەن، لە دژی ئیمپریالیزم، بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و نیشتیمانی و سەربەستی و دیموکراتی، دەبێ لە ئەنجامیش نەترسن، لە کۆتاییدا ئەم وتارەی بە شیعرێکی شاعیری تورک نازم حیکمەت (١٩٠٢/سالۆنیک-١٩٦٣/مۆسکۆ) دوایی پێهێنا کە دەڵێت: من نەسوتێم، تۆ نەسووتێی، ئەو نەسووتێ، چۆن لە تاریکییەوە دەڕۆین بۆ ڕووناکی (حەیدەری، ١٩٧٠، ل 12-13). لەم بارەیەوەش، نووسەرێك یادکردنەوەی نەورۆزی 1946 بە وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ دادەنێت، ئەوەتا لەشوێن ئەوەی لە ماڵاندا ئاهەنگەکان ئەنجام بدەن، لەدەرەوە و بە ژمارەیەکی زۆری جەماوەر ئەنجامدراوە، هاوکات تیایدا عاسم حەیدەری کە یەکێك بوو لەو گەنجانەی کە بیری نەتەوایی لە دڵ و دەروونی ڕەگی داکوتابوو، لەو ئاهەنگەدا بەڕاشکاوی هێرش دەباتە سەر حکوومەتی بەریتانیا و ڕژێمی پاشایەتی ئەوکات و ڕەخنەی توندیان ئاراستە دەکات ( شوکر، 2007، ل 18-21).

دوای هەڵوەشانەوەی حزبی شۆڕش، لە مانگی ئابی ساڵی 1946 دا، عاسم حەیدەری، پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقییەوە کرد(١١) و چالاکییەکانی بۆ ناو ئەو حزبە گواستەوە. دوای جەنگی جیهانیی

دووەمیش، بە هۆی نالەباری بارودۆخی سیاسیی عێراق، لە ئەنجامی مانەوەی هەژموونی بەریتانییەکان و پاشکۆیەتی وڵات لە ڕووی ئابووری و سیاسی بە بێگانەوە و نەبوونی ئازادییە دیموکراتییەکان، هیچ گۆڕانکارییێکی تێیدا چاوەڕوان نەدەکرا، کە ببێتە هێنانەدی ئامانجەکانی گەل، هەربۆیە بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی لە لایەن تەواوی گەل و حزب و ڕێکخراوە ئاشکرا و نهێنییەکان لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی گەل، قۆناغێکی نوێی گرتەبەر (الحربي،2002، ص632). لەم چوارچێوەیەدا، چالاکییەکانی حزبی شیوعی لەو ماوەیەدا، زیاتر خۆی لە بوواری ڕێکخستنی خۆپیشاندان و مانگرتن دەبینیەوە، لەبەر ئەوەی بە فەرمی مۆڵەتی کارکردنی پێنەدرابوو (الجبوري، 1977،ص 184) .

لە لایەکی دیکەوە، لە کاتی دەرچوونی بڕیاری دابەشکردنی فەڵەستین، بە ژمارەی (181) لە تشرینی دووەمی ساڵی 1947 لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرکردایەتی حزب بابەتەکەی تاوتوێ کرد و بەڵێنیدا لە دژی ئەو بڕیارە بوەستێتەوە، دروشمی فەڵەستینی دیموکرات و یەکگرتووی بەرزکردەوە (عەبدوڵڵا، 2019، ل285) ، دوو ڕۆژ دوای دەرچوونی بڕیارەکە، لە شاری هەولێر لەسەر بانگهێشتی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر، جەماوەرێکی زۆر لە باخچەی یانەی فەرمانبەران گردبوونەوە، پیاوانی ئایینی و مامۆستایان و ڕۆشنبیران و فەرمانبەران ئامادەبوون، سەرەتا بڕیاری دابەشکردنەکە خوێندرایەوە، دواتریش کۆمیتەی ناوچەی حزب، عاسم حەیدەری دەستنیشان کرد، بۆ خوێندنەوەی وتارێك بەم بۆنەیەوە، بەناوی (بزووتنەوەی نیشتیمانی- دیموکراتی)، ئەویش لە وتارەکەیدا، ئەم بڕیارەی سەرکۆنە و ڕیسوا کرد، هەروەها لە وتارەکەیدا ڕۆڵی حزبی (تەحەرور)ی نیشتمانی لە ڕسواکردنی ئەم بڕیارەدا بەرزهەڵسەنگاند، دوای ئەمەش خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری بەدوا داهات، کە لە یانەی فەرمانبەرانەوە بەرەو سەرای حکوومەت ڕۆیشتن، بڕیاری دابەشکردنەکەیان شەرمەزارکرد و بانگەوازی دۆستایەتی کورد و عەرەبیان کرد و دروشمی " لەسەر بەردی برایەتی کورد و عەرەبدا، ئیمپریالیزم تەفروتوونا دەبێت"، هەروەها دروشمی" ئەو حکوومەتەی نانی خەڵکی پێ نادرێت، ناشتوانێت فەلەستین ڕزگار بکات ، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە دەگوترایەوە (عەبدوڵڵا، 2019، ل285- 286) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دوای ئەوەی لە 29 ی ئازاری 1947 حکوومەتێکی تازە بەسەرۆکایەتی ساڵح جەبر (١٩٤٧-١٩٤٨) پێکهێنرا، کە زۆربەی وەزیرەکان لە لایەن خۆیەوە (واتە ساڵح جەبر) بە ڕەزامەندی باڵیۆزخانەی بەریتانیا هەڵبژێردرا(١٢). ناوبراو هەر زوو لە کارنامەی وەزارەتەکەیدا جەختی لەسەر درێژەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندی (عێراقی-بەریتانی) کردەوە، تا مۆرکردنی (پەیمانی پۆرتسمۆس)(١٣)ی ساڵی 1948 بەدواداهات، ئەو پەیمانەش نارەزایی و ڕاپەرینی جەماوەری گەورەی لێکەوتەوە، شاری هەولێریش بەشداری و پاڵپشتی ئەو ڕاپەرینە جەماوەرییەی کرد (شکر، 2005، ص 289-296)، عاسم حەیدەری دیارترین وتاربێژ و چالاکوانی ناو خۆپیشاندانەکە بوو، کە ڕۆلێکی کاریگەری ، لە هاندان و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان بینی، بە وتارەکانی هانی جەماوەری دەدا (شارەزا، 2008، ل 170).

ڕاپەرینە جەماوەرییەکانی بەغدا و شارەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق، بووە هۆکاری ڕووخانی حکومەتەکەی ساڵح جەبر و پوچەڵکردنەوەی پەیماننامەی پۆرتسمۆس و دامەزراندنی حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی محەمەد صدر (29 کانوونی دووەمی١٩٤٨-١٦ی حوزەیرانی ١٩٤٨)، لە دوای هەڵوەشانەوەی حکوومەتەکەی ساڵح جەبر، جۆرە ئازادییەك هاتە ئاراوە و هەموو شارەکان کەوتنە سازدانی بۆنەی تایبەتی (دزەیی، 2001، ص91-92)، خۆپیشاندان و ڕێپێوان بۆ ماوەی چەند مانگێك لە دوای ڕاپەرینەکە بە شتێکی ئاسایی دادەندرا ( دزەیی، 2001، ص91-92)، ئەمەش کارئاسانی کرد بۆ ئەوەی عاسم حەیدەری جارێکی دیکە ڕۆڵی خۆی لە هاندان و داواکارییەکانی خەڵك دەربخات، لە دیارترین چالاکییەکانی دوای ڕووخانی حکومەتی ساڵح جەبر، لە ساڵی 1948 دا بەشداری خۆپیشاندنێکی کرد، کە لە بەردەم قوتابخانەی (ابن خلکان)، بە دروشمی (ئەسپی ئاغا زۆردارەکان، تێرترن لە جووتیارەکان) ڕۆلێکی گەورە دەنوێنێت لە هاندانی جەماوەر بۆ هاتنە سەر شەقام و داواکردنی مافەکانیان لە حکوومەت (دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە 24/10/ 2015). بە سەرنجدان لەو زانیاریانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت عاسم حەیدەری شارەزا و دەستێکی باڵای هەبووە لە هاندان و ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان، بۆ ئەم مەبەستەش دروشمی بیری پێشکەوتنخوازی و نەتەوەیی لەسەر ڕاپەرینە نیشتیمانییەکان بە جۆشەوە بۆ جەماوەر خوێندۆتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەو نیمچە ئازادییەی کە لە ئەنجامی خەباتی جەماوەری و ڕاپەرینی کانوونی 1948 لە تەواوی عێڕاقدا هاتە کایەوە، زۆری نەخایاند، ئەویش بەهۆی دروستبوونی کێشەی فەڵەستین، بە بیانووی بارودۆخی وڵات و پاراستنی ڕیزەکانی دواوەی سوپای عێڕاق، کە بەشی هەرە زۆری سوپاکە بۆ ئازادکردنی فەڵەستین دەرچوو بوو، بۆیە حکوومەتی عێڕاقی (حوکمی عورفی)(١٤) ڕاگەیاند و کەوتە پەلاماردان و ڕاوەدوونانی نیشتمانپەروەران لە سەرتاسەری عێڕاقدا بە کورد و عەرەبەوە ژمارەیەکی زۆری لێ دەستگیرکردن ( ئەحمەد، 2007، ل 89) . ئەو خۆپیشاندان و نارەزاییانەی شاری هەولێر، کە لە لایەن عاسم حەیدەرییەوە ڕێبەرایەتی دەکرا، ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر کاربەدەستانی حکوومەت دروستکرد. بۆیە دەزگا ئەمنییەکان چاودێرییەکی توندیان خستە سەری، تا ئەو کاتەی دەسەڵاتدارانی سەربازی و پۆلیسی نهێنی لە هەولێر لە 24ی ئایاری 1948 دا، لە هەڵمەتێکی ڕاوەدوونان، توانیان (54) کەس دەستگیر بکەن، لە دیارترینیان: عاسم حەیدەری، جەمال حەیدەری، عەزیز محەمەد، عەونی یوسف (١٩٠٨/هەولێر-١٩٨٨/هەولێر) و چەندانی دیکە بوون (موسوعة سرية...، ج1، ص 213؛ الحيدري، 2004، ص 212-213). دوای دەستگیرکردنی عاسم حەیدەری، بەمەبەستی لێپرسینەوە ڕەوانەی دادگای عورفی سەربازی لە بەغدا دەکرێت (موسوعة سرية...، ج4، ص 965)، بە پێی یاسایی سزادانی ژمارە (51) ی ساڵی 1938، بە تۆمەتی هاندانی خەڵك و بڵاوکردنەوەی بیری کۆمۆنیستی، لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، دواتریش دادگا بە (7) ساڵ بەندکردن و (3) ساڵیش خستنە ژێر چاودێری پۆلیس حوکمی بەسەر دەدات (موسوعة سرية...، ج4، ص 966). بەم شێوەیە، تاکو بەماوەیەکی کەم پێش بەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 ئازاد کرا و گەڕایەوە شاری هەولێر، بۆ بەردەوامبوونی خەباتی لە ڕیزی حزبی شیوعی عێڕاقدا ( شارەزا، 2008، ل 171). کاتێکیش شۆڕش هەڵگیرسا، عاسم حەیدەری بیری لە پێکەوەنانی شاندێکی نیشتیمانی کردەوە، تاکو بەناوی جەماوەری شاری هەولێرەوە بچێت بۆ بەغدا، بۆ پیرۆزباییکردن لە سەرانی شۆڕش و پێشکەشکردنی داخوازییە جەماوەرییەکانی کورد، بۆ ئەم مەبەستە، لەگەڵ هەریەك لە پارێزەر عەونی یوسف، شەمسەدین موفتی و چەند کەسایەتییەکی دیکە، بەرەو شاری بەغدا بەرێکەوتن، لەوێش لەگەڵ شاندێکی دیکەی کوردستان یەك دەگرن و داخوازییەکانیان یەك دەخەن و لە ڕۆژی 27ی تەمموز، دەچنە وەزارەتی بەرگری و سەرکردەی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم (١٩٥٨-١٩٦٣) پێشوازییان لێدەکات، ئیبراهیم ئەحمەد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(1914/سلێمانی-2000/لەندەن) بەناوی شاندی هاوبەشی کوردستان، هەموو داخوازییەکانی کورد، وتارێکدا پێشکەشدەکات ( شارەزا، 2008، ل 170-171) . هەر لەدوای شۆڕشی 14ی تەمووز، عاسم حەیدەری دەچێتە نێو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەبێتە ئەندامی لێژنەی ناوچەی هەولێر، تاکو لە کۆنگرەی چوارەمی پارتییدا، کە لە ڕۆژانی 4-7ی تەمووزی 1959 دا لە شاری بەغدا بەسترا و باڵی چەپڕەوی هەمزە عەبدوڵلا (١٩١٤/وان-١٩٩٨/سلێمانی) و صالح حەیدەری دوورخرانەوە، لەوساتەدا، لە ڕیزەکانی پارتی کشایەوە و وەکو کەسایەتییەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی کرد، لەدوای ساڵی 1963 دەگەڕێتەوە سەر پیشەی فەرمانبەری و بەردەوام دەبێت و تاوەکو لەساڵی 1971 کۆچیدوایی دەکات ( شارەزا، 2008، ل 171) .

## تەوەری دووەم. نووسینەکانی لە گۆڤارو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا:

عاسم حەیدەری لە تەک تێکەڵاوی بە کاری سیاسی و خەباتی نەتەوایەتی و نیشتیمانییدا، لە بوواری نووسین و ڕۆژنامەوانییدا ڕۆلی خۆی گێڕاوە، نووسینەکانی لە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکردووەتەوە، کە بەشێک لەم بەرهەمانەی، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەش وەک: گەلاوێژ، هیوا، ڕزگاری، هاوکاری، دەفتەری کوردەواری...تاد. ئەوەی لە نووسینەکانی عاسم حەیدەرییدا تیبینی دەکەین، هەمیشە هەوڵیداوە، بە کوردییێکی پاک و ڕەوان بنووسێت، خۆی لە وشەی بێگانە بپارێزێت، نموونەشمان ئەو وەرگێڕانەیەتی، کە لە ساڵانی چلەکاندا، لە گۆڤاری گەلاوێژدا(١٥)، لە ژێر ناوی (شاعیرێکی جەنگاوەر) دا بڵاوی کردووەتەوە، بە پێودانگی ئەو کاتە، هەست دەکەین بە کوردییێکی پاراو وەریگێڕاوە، مومتاز حەیدەری لە نووسینێکییدا (کە دیارە ساڵی ٢٠٠٨ نووسیویەتی) دەربارەی ئەم وەرگێڕانەی عاسم حەیدەری دەڵێت: " ٦٥ ساڵ لەمەوبەر گەنجێکی هەولێر، بەو زمانە ڕەوان و پاراوەی ئەدەبی بڵاوی کردووەتەوە، کە ئەوسا زمانی کوردی لە شاری هەولێر زۆر لاواز بووە" (حەیدەری، ٢٠١٨، ل١١٨). ئەگەر لەم وەرگێڕانە ورد بینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێدەکات: "چلەی هاوینە، قرچە قرچی هەتاو دنیا ئەسووتێنێ، زەوی لەبەر گەرمای هەتاو سور هەڵگەڕاوە، دەشتێکی وشک و بێ ئاو، تەنانەت دڕک و پووشیش لێی نەڕواوە، لەم دەشتەدا جەنگاوەرێکی دلێر تفەنگێکی بەسەر شانەوەیە،

قەبارەیەکی بە دەستەوەیە، مەتارەیەکی بێ ئاو بە لاقەدەوەیە. لەبەر تێنوێتی و ماندوێتی زمانی کەوتۆتە لالێوی بە جارێ لە پەل و پۆ کەوتووە. ئەم جەنگاوەرە ئەوا لە دوا دوایی ژیانییەتی، جار جار خۆی ئەدا بەدەست مردنەوە، جار جار لەسەر پشت خۆی ئەدا بە زەوییدا" (گەلاوێژ، ژ:٨، ئابی ١٩٤٣، ل٦٠-٦١).

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی عاسم حەیدەری، بەتایبەت ئەوانەی دەستمان گەیشتووەتێ، لە نووسین و وەرگێڕانەکاندا، بەسەر چەند لایەنێک دابەش بکەین کە لە خوارەوە لێیان دەدوێین :

**یەکەم. نووسینی مێژوویی و بیرەوەرییەکانی :**

یەکێک لەو لایەنانەی کە عاسم حەیدەری لە نووسینەکانییدا بایەخی پێداوە، لایەنی مێژوویی و گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی بووە، هەوڵییداوە لەمەشدا ئەو بابەتانە هەڵبژێرێت، کە بۆ ئەو سەردەمانە سوودیان بۆ هۆشیاری نیشتیمانی و نەتەوایەتی هەبێت، بۆیە زۆرجار لەسەر ئەم بابەتانە دووچاری کێشە و گێچەڵی دامودەزگای پۆلیس و ئاسایش هاتووەتەوە. کەریم شارەزا لەو بارەیەوە دەڵێت: "عاسیم حەیدەری هەر تێکۆشەرێکی بە جەرگی دڵسۆز نەبوو. بەڵکو لە هەمان کاتدا نووسەرێکی خامەڕەنگینیش بووە. جارێکیان لەسەر وتارێکی (لە گۆڤاری گەلاوێژ) لە بارەی دەوری کورد لە شۆڕشی ١٩٢٠ لە عێراق، دراوە بە دادگا و سێ مانگ بەند کراوە" (شارەزا، 2008، ل 170).

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیامەی، کە لە پاڵ بڵاوکردنەوەی بابەتە مێژووییەکەدا هەیبووە. هەر سەبارەت بە بایەخدانی بە بمواری مێژوو، نووسەر و ڕۆشنبیری دیاری کورد محەمەدی مەلا کەریم لە بارەی عاسم حەیدەرییەوە دەڵێت: "شارەزاییەکی وردی لە مێژووی نوێی نەتەوەکەی هەبوو، یادداشت و بیرەوەریی زۆری لابوو، ئاگایەکی باشی لە ڕابردووی جووڵانەوەی نیشتیمانی کورد هەبوو، زۆر مەبەستی بوو لە کاروانی جیهان دوا نەکەوێ". پاشان ئاماژە بەوە دەکات کە دوای دوورخستنەوەی عاسم حەیدەری بۆ شاری (بەدرە)ی خوارووی عێراق، لە چالاکی مێژوونووسین بەردەوام بووە، لەو بارەیەوە دەڵێت: "لەو ساڵەدا (ساڵی ١٩٥٧) گۆڤارێکمان لە بەدرە بە دەستنووس بەناوی (کوردستان)ەوە

- بە عەرەبی و کوردی-ەوە دەرکرد، کاک عاسمیش لە ژمارەی یەکەمییدا- من هەر بەو ژمارەیەدا گەیشتم و خۆیشم تیا بەشدار بووم و بە دەستی خۆم نووسیمەوە- وتارێکی بە نرخی نووسی لەبارەی مێژووی تێکۆشانی شاری هەولێرەوە، لە سەردەمی هاتنی ئینگلیز و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا، پاشان گۆڤارەکە کەوتە دەست میری و دوور نیە ئێستاش لە دەوسییەی ئەو هێرشەدا مابێ کە پۆلیس لە ساڵی ١٩٥٧ دا بردیانە سەر دوورخراوەکانی بەدرە" (مەلا کەریم، ١٩٧١، ل٥).

هەر سەبارەت بە بابەتە مێژووییەکانی، لە بەرگی یەکەمی کتێبی (حەیدەرییینامە) دا، مومتاز حەیدەری وتارێکی بڵاونەکراوەی عاسم حەیدەری، سەبارەت بە ڕۆلی هەولێر لە ڕاپەڕینی مایسی ساڵی ١٩٤١ دا(١٦) بڵاوکردووەتەوە، لەم وتارەدا، نووسەر تیشکێکی مێژوویی خستووەتە سەر ڕووداوەکە و لە دەستپێکی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکە دوواوە، دواتر هاتۆتە سەر هەڵوێستی کورد بەرامبەر ڕاپەڕینەکە و پاشان کاریگەرییەکەی بۆسەر شاری هەولێر باس دەکات، لەو بارەیەوە نووسیویەتی: "کە هەواڵی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکە گەیشتە هەولێر، ژمارەیەک لە قوتابییانی قوتابخانەی (اربیل الثانیة) بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرەکەیان کە شێخ حەسەن نیعمەتووڵڵا (١٨٩٥/هەڵەبجە-١٩٧٢/بەغداد) بوو، لەبەردەم دیوانی موتەسەریفییەتی هەولێر گردبوونەتەوە، بەڕێوەبەر وتاری حەماسی بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکەی بۆ داون"، پاشان دێتە سەر بۆردوومانکردنی هەولێر، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی بەریتانیاوە، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە مەلیک فەیسەڵی دووەم (١٩٣٥/بەغداد-١٩٥٨/بەغداد) و مەلیکە عالییەی دایکی لە مەلا فەندی (١٨٦٣/هەولێر-١٩٤٢/هەولێر)، لە گوندی (باداوە)ی نزیک هەولێر میوان بوون. پاشان هەندێ بیرەوەریی تایبەتی خۆی لەو ڕۆژانەدا دەگێڕێتەوە، کە چۆن بە چاوی خۆی فڕۆکە بەریتانییەکانی بینیوە، کاتێک فڕۆکەخانەی سەربازی هەولێریان لەسەر ڕێگای موسڵ بۆردومان کردووە. لە کۆتاییشدا دێتە سەر باسی چۆنیەتی کۆتاییپێهێنانی ڕاپەڕینەکە و دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی ئەوانەی لە هەولێر بەشدار و پشتیوانی ڕاپەڕینەکە بوون (حەیدەری، ٢٠١٨، ل١٣٨) .

یەکێکی دیکە لە نووسینەکانی عاسم حەیدەری، کە پەیوەندی بە بوواری مێژووەوە هەیە، گێڕانەوەی بیرەوەریی سازکردنی ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦ ە، کە بەیەکەم ئاهەنگێڕانی ئاشکرا لە شاری هەولێر دادەندرێت و عاسم حەیدەری و بەشێک لە هاوڕێکانی ڕۆلیان لە ئامادەکردنییدا گێڕاوە. ئەم

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بابەتە لە ژێر ناوی "لاپەڕەیێکی شارراوە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی شاری هەولێر، بیرەوەریی ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦"، لە گۆڤاری "دەفتەری کوردەواری" دا بڵاوکراوەتەوە. لەم نووسینەیدا، سەرلەبەری ئاهەنگەکە و بڕگە و چالاکییەکانی دەگێڕێتەوە، بەرلەوەی تیشکی سەرنج بخەینە سەر نووسینەکە، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە عاسم حەیدەری، بەهۆی ئەوەی لە وێستگەکانی تەمەنییدا، شایەدحاڵ و بەشداری گەلێک لە ڕووداوە مێژووییەکان بووە، بۆیە خاوەن هەگبەیەکی دەوڵەمەندی بیرەوەریی بووە، وەک ڕۆژنامەی هاوکاری بە بۆنەی چلەی ماتەمینییەکەی نووسیویەتی: "عاسم حەیدەری خۆی لە خۆیدا ئینسکلۆپیدیایەکی تێروتەسەلی ڕووداوەکانی شاری هەولێر و نیشتیمانی بوو" (هاوکاری، ژ:٣٠، ١٩٧١/٨/١٨). لە سەرەتای ئەم بیرەوەرییەیدا، باسی ڕۆڵی حزبی هیوا لە گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز لە شارەکانی کوردستان و شاری هەولێر دەکات و نووسیویەتی: "بەهۆی هاندانی پارتی هیوا(١٧)، لە ساڵانی ١٩٤٤-١٩٤٥ دا لە هەندێ لە شارەکانی کوردستان ئاهەنگی نەورۆز گێڕدرا، لە ساڵی یەکەما، لە هەولێر جێگەیێک لە دەرەوەی شار کە ناوی (زار مفتاح)ە، وە لە ساڵی دووەما لە دێی توو ڕەق (نزیک شاری هەولێر) یادی نەورۆز کرایەوە، ئەم دوو ئاهەنگە بە شێوەیەکی نهێنی کران"

پاش ئەمە، دێتە سەر باسی چۆنیەتی سازدانی یەکەم ئاهەنگی نەورۆزی ئاشکرا و باس لەوە دەکا کە لە سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٦ دا، کۆمەڵێک خەڵکی کاسبکار و ڕۆشنبیری شاری هەولێر، نووسراویان بۆ موتەسەریفییەتی هەولێر کردووە، سەبارەت بە ڕێدان و سازدانی ئاهەنگی نەورۆز، ئەوەی لێرەدا گرنگە و نووسەر ئاماژەی پێداوە، بەرهەڵستی هەندێ لە پیاوانی ئایینی شار بووە، بەرامبەر سازدانی ئاهەنگەکە، تەنانەت هەندێ خەڵکییان هان داوە، تا ئاهەنگەکە تێک بدەن. هەروەها هەندێ لەو خەڵکانەی کە بە زمانی تورکمانی قسەیان کردووە، وا تێگەیەندراون کە ئاهەنگێڕان هێرشیان دەکەنە سەر و تاڵانیان دەکەن، ئەوانیش هانایان بردووەتە بەر تیپی دووەمی سوپای عێراق لە کەرکووک، بەڵام دوای ئەوەی فەرماندەی تیپی دووەم، سەبارەت بە ڕاستی و دروستی ئەم بابەتە، پەیوەندی بە موتەسەریفییەتی هەولێر دەکات، ئەوان ئەو دەنگۆیانە ڕەت دەکەنەوە و پێی ڕادەگەیەنن کە هیچ شتێکی وا لە ئارادانیە. پاشان عاسم حەیدەری دێتە سەر باسی ئەوەی کە ئەوان هەوڵیان داوە شەکر بۆ ئاهەنگەکە دابین بکەن، لەو کاتەدا شەکر بە پلیت دەفرۆشرا، بە پێی قانوونی ڕێکخستنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژیانی ئابووری ژمارە (٤١)ی ساڵی ١٩٤٣(١٨)، داوایان لە موتەسەریف کردووە(١٩)، شەکریان بداتێ، ئیتر لەسەر ڕاسپاردەی موتەسەریف، لەلایەن ئەحمەد مەحموود چەلەبی (١٨٩٥/هەولێر-١٩٧٥/بەغداد) وەکیلی دابەشکردنی شەکر لە هەولێر، بڕێک شەکریان بۆ ئاهەنگەکە پێدراوە، دواتر لە ڕێگەی نەتەوەخواز و نیشتیمانپەروەرانی هەولێرەوە، بڕی ٨٣ دینار (پارەی ئەوسا)، بۆ ئاهەنگەکە کۆکراوەتەوە. پاشان نووسەر دێتە سەر باسی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکە و ئاماژە بەوە دەدا، کە بۆ بەڕێوەچوونی بەرنامەی ئاهەنگەکە، مایکرۆفۆنێکیان لە شاری بەغدا هێناوە و لە گۆڕەپانەکەی پشت نەخۆشخانەی هەولێر (فەرمانگەی تەندروستی ئێستا) جێگیر کراوە. جێگەی نزیکەی ١٠ هەزار کەس ئامادە کراوە. تەنانەت لەلایەن هەندێ لە خەڵکی هەولێریشەوە قەنەفە و کورسی بۆ بەشێکی ئامادەبووان، لە گۆڕەپانەکە دانراوە. سەبارەت بە بڕگەکانی ئاهەنگەکە، نووسەر باس لەوە دەکات کە سەرەتای ئاهەنگەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب دەستی پێکردووە، پاشان شایی و هەڵپەڕکێ سازکراوە و دواتر وتاری ڕێکخەرانی ئاهەنگ خوێندراوەتەوە، پاش خوێندنەوەی وتارەکان، لەلایەن هەندێ لە هونەرمەندانی هەولێر، گۆرانی پێشکەشکراوە، دواتر چایە و شیرینی بەسەر ئامادەبوواندا دابەش کراوە. لە کۆتایی بیرەوەرییەکەشییدا، باس لەوە دەکات، کە لە ساڵانی ١٩٤٧، ١٩٤٨ یشدا، دیسان ئاهەنگی نەورۆز بە ئاشکرا لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە(٢٠). بەڵام پاشان ڕەشبگیری لە عێراق دەستی پێکردووە، لەبەر ئەوە تا شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ ئاهەنگەکانی نەورۆز بە نهێنی لە هەولێر ئەنجام دەدرا (دەفتەری کوردەواری، ژ:٢، مارت-نیسانی ١٩٧٠، ل٨-١٤) .

گرنگی ئەم بیرەوەرییەی عاسم حەیدەری، بەشێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەی خوارەوە دایە :

آ. بۆ یەکەمجارە کەسێک بەم وردەکارییەوە یادکردنەوەی بۆنەیەکی نەتەوایەتی لە شاری هەولێر بگێڕێتەوە، تەنانەت ئاماژە بە چۆنیەتی ئامادەکارییەکانی ڕێکخستنی ئاهەنگەکە بکات، بۆ نموونە دابینکردنی پێداویستییەکانی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکە.

ب. دڵخۆشی خەڵکی شاری هەولێر بەرامبەر بە جەژنێکی نەتەوەیی، بەتایبەت ئەو پێشوازییە گەورەی خەڵکی شار و دێهاتەکانی دەوروبەری لە ئاهەنگەکەیان کردووە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوساکە هەستی نەتەوایەتی خەڵکی ئەو شارە بەرز بووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ج. ئەگەرچی لە بیرەوەرییەکەدا، نووسەر باسی لەوە نەکردووە کە کێ وتارەکانی پێشکەش کردووە، بەڵام کەریم شارەزا ئاماژە بەوە دەدات کە: "عاسم حەیدەری وتاری حزبی شۆڕشی (٢١) خوێندۆتەوە" (شارەزا، ١٩٩٦). نووسەر ئاماژە بە ناوەرۆکی ئەو وتارە دەدا، کە لە ئاهەنگەکەدا خوێندراوەتەوە، کە تیایدا باس لە ڕۆلی خراپی ئیمپریالیزم کراوە، ئەم قسانە لە کاتێدا کراوە، کە ئەوسا عێراق لەلایەن ئەو ئیمپریالیزمەوە بەڕێوە دەبرا، کە لەم وتارەدا هێرشی کرابووە سەر، ئەمەش بوێری عاسم حەیدەری بۆ داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان دەردەخات، لەلایەکی دیکەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پەرەسەندنە سیاسییەکانی جیهان، دوای جەنگی جیهانی دووەم لە عێراق جۆرێک لە دەرفەتی سیاسییانەی هێنابووە پێشەوە، تا خەڵکان بە ئازادی ئاهەنگ بگێڕن و گوزارشت لە هەست و سۆزی نەتەوەییان بکەن (دەفتەری کوردەواری، ژ:٢، مارت-نیسانی ١٩٧٠، ل٨-١٤).

وتارە مێژووییەکانی عاسیم حەیدەری تەنها پەیوەست نەبووە بە خەباتی نەتەوە و نیشتیمانەکەی، بەڵکو بایەخدان بە مێژووی خەباتی گەلانیشی بە ئامانج گرتووە، ئەمەش لە سۆنگەی باوەڕبوونی دێت بە خەباتی گەلان، نموونەشمان ئەو وتارەیەتی کە لە ڕۆژنامەی هاوکارییدا بەناوی "پۆل ڕۆبنسن ئاشتیخواز و تێکۆشەری ڕێگای سەربەستی" بڵاوی کردووەتەوە، لەم وتارەدا نووسەر ژیاننامەی کەسایەتیێکی ناسراوی نێو کۆڕی خەباتی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا، کە پۆل ڕۆبنسۆنە Paul-Robenson(١٨٩٨/ئەمەریکا-١٩٧٦/ئەمەریکا) بەسەر دەکاتەوە، ئەو پیاوەی کە لە پێناو بەدیهێنانی مافی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا خەباتی کردووە، وەک نووسەرێک نووسیویەتی: "ڕۆبنسۆن زۆری لە چەوسانەوەی ڕەگەزایەتی وڵاتەکەی چەشتووە، هەر لە منداڵییەوە خوێندنی لێ قەدەغە کراوە، بۆیە هەستی بە ڕق و تۆڵە و چەوساندنەوەی کردووە". لە شوێنێکدا باس لە چۆنییەتی خەباتی ڕۆبنسۆن دەکات و دەڵێت: "ساڵی ١٩٣٤ بۆ یەکەمجار ڕۆبنسۆن چووە یەکێتی سۆڤییەت، هەر لەوێدا لەسەر شانۆ و هۆڵەکانی دەستیکرد بە هێرشکردنە سەر ڕەگەزپەرستی، چونکە شانۆکەرێکی باش و گۆیندەیەکی بەرز و نووسەرێکی مەزن بوو". پاشان ئاماژە بە کتێبێکی ڕۆبنسۆن بەناوی "من لێرە دەوەستم Here-I stand"(کە لە ساڵی ١٩٥٨ دایناوە)، دەکات، لە شوێنێکی کتێبەکەدا پۆل ڕۆبنسۆن دەڵێ: "من وەک قولەڕەشێکی ئەمریکایی بۆ سەربەستی تەواو بۆ گەلی ئەمریکا داوا لە میللەتانی ئەمریکا ئەکەم بۆ خەباتکردن بۆ ئاشتی و ژیانی گشت میللەتان" (هاوکاری، ژ: ٢٦، ١٩٧٠/٧/٤).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم. بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی:

یەکێک لەو لایەنانەی جێگەی بایەخپێدانی عاسم حەیدەری بووە، بابەتی وەرگێڕدراو بووە، لەم ڕووەوە خاوەنی ژمارەیەک وتار و بەرهەمی وەرگێڕدراوە، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، زۆربەی بابەتەکانیشی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئەم زمانەی زۆر بە چاکی زانیوە و توانای وەرگێڕانی لەم زمانەوە بۆ زمانی کوردی بەهێز بووە (دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٤). بە شێوەیەکی گشتی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی عاسم حەیدەری هەمەجۆر بوون، واتە عاسم وەک ڕۆشنبیرێک، تەنها خۆی بە بووارێکەوە پەیوەست نەکردووە، بەڵکو خوێنەری زیاتر لە بووارێک بووە، وەک بوواری سیاسی و مێژوویی و ئەدەبی، ئەمەش لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی زیاتر ڕەنگ دەداتەوە، سەرەتا بوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمانپەروەری لای ئەو، هۆکارێک بووە بۆ وەرگێڕانی وتارە سیاسییەکانی، تەنانەت ئەمە لە وتارە ئەدەبییەکانیشی ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە لە بابەتی (شاعیرێکی جەنگاوەر) دا، کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە و  هیچ ئاماژەیەك بۆ ئەوە نەکراوە کە لەچ زمانێك وەریگێڕاوە تەنها لە ژێرەوە نووسیویەتی وەرگیراوە، هەمان هۆکاری بە بیرێکی خەیاڵئامێزانە و دەربڕینێکی ئەدەبییانە بە ئامانج گرتووە، پەیامی ئەم بابەتە، وروژاندنی ئەم پرسیارەیە، کە مرۆڤەکان بۆچی شەڕ دەکەن؟ ئامانج لە شەڕکردن چیە؟ بۆ دەبێ مرۆڤ مرۆڤ بکوژێت؟ لە هەمان کاتدا ڕەخنە لە فەرمانڕەواکان دەگرێت، کە خۆیان لە نێو کۆشک و تەلارەکان لێی ڕاکشاون، خەڵکی هەژاریش دەنێرن بۆ بەرەکانی جەنگ و لە پێناو قایمکردنی جێگە و پێگەی خۆیاندا بە کوشتیان دەدەن. ئەوەتا لە شوێنێکی بابەتەکەدا هاتووە: "وەرن ئەی کوژراوەکانی دەستی غەدری زەمانە، بابچینەوە لای زیندووەکان، بە شوێنم کەون، تا کردەوەی خراپیان بژمێرین، بە شوێنم کەون، تا سەیرێکیان بکەین بزانین لە پاش ئێمە چی دەکەن؟ بە شوێنم کەون تابزانن چیە گوناهمان؟ ئەوان لە باخ و باخچە و کۆشک و سەرادا ئاهەنگ و شادی و پارەکۆکردنەوە، گاڵتە بە گەردوون بکەن، ئێمەش لەژێر ئەو خاکە و بەردی گرانباوی بێدەرەتانا بتلێینەوە" (گەلاوێژ، ژ:٨، ئابی ١٩٤٣، ل٦١).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە وتارێکی دیکەی وەرگێڕدراودا، لەژێرناوی "خەبات بۆ پاراستنی ئاشتی خەباتە بۆ ئازادی نیشتیمان"، کە لە گۆڤاری هیوادا بڵاوکراوەتەوە، باس لە گرنگی ئاشتی بۆ جیهان دەکات و ڕەخنە لە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانیش، لە سەروویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە دەگرێت، کە لە پێناو داگیرکاری و دەستگرتن بەسەر وڵاتانا، شەڕ و ئاژاوە دەنێتەوە، نموونەی ئەو وڵاتانەش وەک: ئێران، ئەمەریکای لاتینی، کۆریای باشوور، یابان، پاکستان، تورکیا، یۆنان، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وەک لە نووسینەکەدا هاتووە: "ئەم بنکە سوپاییانەی کە ئەمەریکا سەدان دۆلاری بۆ تەرخان دەکات، هیچ پەیوەندی نیە بە پاراستنی سەربەخۆیی نیشتیمانی ئەو دەوڵەتانەی لەسەری دروستکراوە، بەڵکو بۆ ئەوە دروستی کردووە، ڕۆژێ بەکاری بێنێ بۆ شەڕێکی گشتی". دیارە ئەم بابەتە لەژێر کاریگەری سیاسەتی ئەوسای بلۆکی سۆشیالیستی نووسراوە، عاسم حەیدەرییش وەک کەسێکی چەپ لەژێر کاریگەری ئەو سیاسەتەدا بووە. چونکە وتارەکە لەگەڵ ئەوەی هێرشکردنە بۆسەر ئیمپریالیزم و بلۆکی سەرمایەداری، لە هەمان کاتدا، ستایشی یەکێتی سۆڤییەت و چینی میللی دەکات و لەڕیزی ئەو وڵاتانە هەژماریان دەکات، کە لە ژێر چەپۆکی ئیمپریالیزم ڕزگاریان بووە (هیوا، ژ:٢-٣، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ و کانوونی دووەمی ١٩٦٠، ل٣٩). بڵاوکردنەوەی وتارێکی لەم جۆرە لە گۆڤاری هیوا، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ دا، بۆ ئەو قۆناغەی عێراق گونجاو بووە، کە ئەوکاتە دژایەتی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری ڕۆژئاوا و دەرچوون لە پەیمانی بەغدا-سەنتۆ و ناوچەی ئیستەرلینی، لە دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕشەکەی عێراق بوون (الزبيدي، ١٩٨٣، ص٥٠٨-٥١٨) .

لەتەک بابەتی سیاسییدا، بەشێک لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی عاسم حەیدەری، تایبەتن بە بواری ئەدەبی، وەک ئەو بابەتەی کە لە گۆڤاری هیوادا دەربارەی ژیان و بەرهەمی شاعیرێکی ناسراوی تاجیکی بەناوی ئەبوو عەبدوڵڵای ڕۆدکی سەمەرقەندی (٨٥٨-٩٤٠ز)، لە ژێر ناوی "ڕۆدکی کێیە؟" بڵاوی کردووەتەوە، کە بە موعەڕڕیبی ڕووسیا (٢٢) ناسراوە. لەم بابەتەدا هاتووە، کە شاعیری ناوبراو، نزیکەی ملیۆنێک و سێسەدهەزار بەیت شیعری نووسیوە، جگە لە کتێبی (دوا بەدوای سەرچاوەی زبان) و چیرۆکە هەڵبەستی (سندباد). بەڵام لەم میراتە گەورە ئەدەبییە، تەنها (٨٤٠) بەیتی لەدوا بەجێماوە. ڕۆدکی بەرهەمەکانی زیاتر بە زمانی فارسی بووە، جگە لە بواری ئەدەب، مۆسیقاژەنێکی بەهرەمەندیش بووە لە (ئامێری عوود)دا، هەروەها لە بووارەکانی زمان، مێژوو، فەلسەفەشدا شارەزایی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەبووە. ئەم شاعیرە لە سەر داوای میر ئەحمەدی سامانی (٨٤٩-٩٠٧)، کتێبی کلیلە و دیمنەی بە هەڵبەست کردۆتە فارسی و لەبەرامبەر ئەم کارەدا چل هەزار درهەمی پێدراوە. دیارە ڕۆدکی لە شایەکانی بنەماڵەی سامانی (٢٣) زۆر نزیک بووە، بەڵام لە کۆتاییەکانی ژیانی، نێوانی لەگەڵیان تێکدەچێت و تەنانەت دەستگیری دەکەن و چاوەکانی کوێر دەکەن. ڕۆدکی وەک قوتابخانەیەک وابووە، بۆ شاعیرانی دیکە، لە ئەوەوە فێربوون چۆن شیعرەکانیان بە هەمان کێش و سەروا برازێننەوە، دوای خۆی دەیان لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی کراوە. لەوانە وەک کتێبەکەی بیرمەندی ناسراوی ئێرانی سەعیدی نەفیسی (١٨٩٥-١٩٦٦)، کە بە ١٣٠٠ لاپەڕە، لە سێ بەرگدا لەسەر ژیانی (ڕۆدکی) نووسیوە (هیوا، ژ:١١-١٢، حوزەیران و تەمموزی ١٩٥٩، ل٣٩) .

یەکێکی دیکە لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی عاسم حەیدەری، کە ئەویش هەر لە گۆڤاری هیوادا بڵاوکراوەتەوە، باسێکە دەربارەی ئەدەبی میللی کۆن و کلاسیکی ڤێتنام، لەسەرەتای باسەکەدا تیشکێکی مێژوویی خراوەتە سەر مێژووی ڤێتنام و شارستانێتییەکەی، وڵاتی ڤێتنام تا ساڵی ٩٣٩ ز لەلایەن دەرەبەگەکانی چینەوە بەڕێوە براوە، بەڵام لەو ساڵەدا ڤێتنامییەکان دوای خەبات و تێکۆشان، تووانیویانە سەربەخۆیی بەدەست بێنن، بەڵام وڵات لەلایەن ڕژێمێکی دەرەبەگەوە بەڕێوەدەبرا، جووتیاران لە دۆخێکی خراپدا دەژیان. لەلایەن دەرەبەگەکانەوە دەچەوسێندرانەوە(٢٤)، هەموو ئەوانە لە ئەدەبییاتی میللی ڤێتنامدا ڕەنگیان دایەوە) .تاچسانهە (Thachsanh-نموونەی کۆبەرهەمێکی دیاری ڤێتنامییەکانە، کە دەیان چیرۆکی میللی ڤێتنامی بە شێوەی هەڵبەست دەگێڕێتەوە. ئەمە جگە لە چەند بەرهەمێکی دیکەی میللی کە لەم وتارەدا ئاماژە بە ناوەکانیان دراوە. لە شوێنێکی دیکەی وتارەکەدا هاتووە: "لە سەدەی هەژدە و نۆزدە زمانی ڤێتنامی شوێنی خۆی گرت و چەسپا، لەم ماوەیەدا ئەدەبییاتی کلاسیکی لە ڤێتنام پەیدابوو، بەڵام لە هەمان کات ماوەیەکی تاڵی و ناخۆشی بوو بۆ گەلی ڤێتنام، چونکە ڕژێمی دەرەبەگایەتی جووتیارە هەژارەکانی ئەچەوساندەوە، وە سەربازە چینییەکانیش لە وڵاتا بەروبوومی نیشتیمانیان تاڵان ئەکرد" (هیوا، ژ: ٣٤، ئەیلوولی ١٩٦١، ل٦٥) .

ئەمانەی ئاماژەمان پێیدا، نموونەی چەند بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی عاسم حەیدەری بوون، بەڵام بە گشتی دەربارەی ئەم بەرهەمانە ئەم تێبینییانە دەخەینە ڕوو:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

آ. وەرگێڕ هەوڵی داوە، لە تەک پەیامی ناوەرۆک، لە ڕووی زمانەوانییشەوە، بابەتەکەی بە کوردییێکی پاراو، بنووسێت، ئەگەر سەرنج بدەینە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی، تێبینی ئەم خاڵە دەکەین.

ب. زیاتر ئەو بابەتانەی هەڵبژاردووە کە زانیارییەکانیان بە شێوەیەکی پوخت و سادە، دەگەیەننە خوێنەران، بۆ نموونە لە ئەدەبی میللی ڤێتنامدا، لە چەند لاپەڕەیەکدا مێژووی سەدان ساڵەی ڤێتنام و ئەدەبەکەی بە خوێنەران دەناسێنێت .

ج. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە لەسەر زۆربەی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانییدا، ئاماژەی بە سەرچاوە و ناوی خاوەن بەرهەمەکە نەداوە، تەنها نووسیویەتی (وەرگێڕ) یان (وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە)، ئەمەش بە خاڵێکی نەرێنی کارەکانی لە بوواری وەرگێڕاندا دادەندرێت، کە دەبووایە ئاماژەی بە ناوی سەرچاوە و نووسەری بابەتەکان بکردبایە. ئەمەش نەک هەر لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی ئەو، بەڵکو لە زۆربەی بەرهەمەکانی ئەو قۆناغە، وەک دیاردەیەکی باو ئەم حاڵەتە بەدی دەکەین.

**ئەنجام:**

١ .بنەماڵەی حەیدەری، بنەماڵەیەکی دیار و هەڵکەوتووی کوردستانن و خاوەنی دەیان کەسایەتیی گەورەی سیاسی و ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیین و لە بوواره جیاجیاکاندا خزمەتێکی زۆریان پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەیان کردووە، تەنانەت لەم ڕێگەیەوە قوربانی گەورەیان داوە، عاسم حەیدەری یەکێکە لە ڕوخسارە دیارە سیاسی و ڕووناکبیرییەکانی ئەو بنەماڵەیە.

٢ .عاسم حەیدەری، ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە بوواری گەشەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی لە کورستاندا، لەوانەش ئەو پارت و ڕێکخراوانەن کە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر کە خاوەن بیروباوەڕی چەپ بوون, دایانمەزراندوون لە دیارترینیشیان (شۆڕش، ڕزگاری)ین. کە لە نێو هەردوو ڕێکخراوەکەشدا ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە.

٣ .عاسم حەیدەری گرنگییێکی زۆری بە چالاکییە جەماوەرییەکان داوە، لەم سۆنگەیەشەوە بۆنە نەتەوەییەکانی بە دەرفەت زانیوە بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر و سازدانی ئاهەنگی تایبەتی و وتار خوێندنەوە، کە سەرچاوەیەکی دیکەی جۆشدان و هاندانی جەماوەر بوو، بۆ تێکۆشان و کۆششکردن لە پێناو مافەکانیان، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە هەوڵدانی عاسم حەیدەری بوو بۆ ئامادەکردنی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە ڕێکەوتی (21 / ئاداری /1946 )، کە تیایدا ڕۆلێکی دیاری گێڕاوە .

٤ .عاسم حەیدەری لە تەک تێکەڵاوی بە کاری سیاسی و خەباتی نەتەوایەتی و نیشتیمانییدا، لە بوواری نووسین و ڕۆژنامەوانییدا ڕۆلی خۆی گێڕاوە، نووسینەکانی لە بەشیک گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە، لەو گۆڤار ورۆژنامانەش وەک: گەلاوێژ، هیوا، ڕزگاری، هاوکاری، دەفتەری کوردەواری...تاد. ئەوەی لە نووسینەکانی عاسم حەیدەرییدا تیبینی دەکەین، هەمیشە هەوڵیداوە، بە کوردییێکی پاک و ڕەوان بنووسێت، خۆی لە وشەی بێگانە بپارێزێت.

٥. یەکێک لەو لایەنانەی جێگەی بایەخپێدانی عاسم حەیدەری بووە، بابەتی وەرگێڕدراو بووە، لەم ڕووەوە خاوەنی ژمارەیەک وتار و بەرهەمی وەرگێڕدراوە، کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، زۆربەی بابەتەکانیشی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە ئەم زمانەی زۆر بە چاکی زانیوە و توانای وەرگێڕانی لەم زمانەوە بۆ زمانی کوردی بەهێز بووە. بابەتە وەرگێڕدراوەکانیشی زیاتر لە بوواری سیاسی و ئەدەبییدا بووە.

پەراوێزەکان:

(١) هەندێك پێیان وایە ڕەچەڵەکی حەیدەرییەکان، دەچێتەوە سەر (شێخ سەفییەددینی ئەردەبیلی) کە دامەزرێنەری بنەماڵەی سەفەوی بووە، لەو بارەیەوە بڕوانە: (العمري، 1975، ج3، ص6؛ قەرەداغی، 2004، ب6، ل176). لەلایەکی دیکەوە، بیروڕا هەیە کە حەیدەرییەکان بە ڕەچەڵەك عەرەبن و بنەچەیان دەچێتەوە سەر (حوسێنی کوری عەلی کوری ئەبی تالیب) بڕوانە: (البغدادي، 1999، ص120). یەکێکی دیکە لەو بۆچوونانەی کە دەربارەی ڕەگەزی حەیدەرییەکان گووتراوە، ئەوەیە کە ئەوان بە ڕەگەز تورکن و لەسەرەتادا لە ناوچەی (ماوراء النهر)، "کە دەکاتە تورکمانستانی ئێستا" نیشتەجێ بووینە و کاتێ هاتوونەتە کوردستان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گوندێکیان بە ناوی (ماوەران) ئاوەدانکردۆتەوە و بە ناوی زێدی کۆن (ماوراء النهر)یان کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ڕەچەڵەکی حەیدەرییەکان، بڕوانە: (گۆمەتاڵی، 2012، ل16- ٢٠).

)2(دیدار لەگەڵ جەمشید حەیدەری (دکتۆر)، لە (2015/11/26 . )

)3(بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی فەزیلە وەلی قادر چەلەبی بڕوانە : جەمشید حەیدەری، فەزیلە وەلی چەلەبی 1893-1898، گۆڤار " شاووشکا "، ژ (6.)

(٤) سالّح حەیدەری لە ڕێکەوتی (1922/5/9) لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە ساڵی 1942 کەوتووەتە هەوڵی دامەزراندنی یەکەمین خانەی ڕێکخستنی مارکسی لە شاری هەولێردا، لە ساڵانی (1943-1945)دا، ڕۆڵی سەرەکی لە دامەزراندنی چوار ڕێکخراوی (مارکسی – نەتەوەیی) لە کوردستاندا گێڕاوە، کە ئەوانیش بریتین لە: کۆمەڵەی میللەت، یەکێتی تێکۆشین، شۆڕش، ڕزگاری. ناوبراو ڕۆلی سەرەکی لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی نهێنی چەپی کوردی لە کوردستانی عێراقدا هەبووە، کە ئەمەش لە دەرکردنی بڵاوکراوەی (کۆمەڵەی میللەت) و گۆڤاری (یەکێتی تێکۆشین) لە ساڵانی (1943-1944)دا دەردەکەوێت، لە ساڵانی (1956-1957)دا، ئەندامی یەدەگی لیژنەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی بووە، لە ساڵانی (1974-1980)دا، ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق بووە، لەرێکەوتی (8/6/ 2001) کۆچیدوایی کردووە . (الحيدري، 2004،ص5-6 ؛ گۆمەتاڵی، ٢٠١٢، ل ل 29، 237).

(٥) جەمال کوڕی حەیدەر کوڕی عاسم کوڕی صبغەتوڵلای حەیدەرییە، ساڵی 1926 لە شاری هەولێر لەدایکبووە. ساڵی 1944 قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی بەسەرکەوتوویی لە شاری هەولێر تەواو کردووە، ساڵی 1945 لە خانەی مامۆستایانی باڵا (دار المعلمين العالية) لە بەشی زمانی ئینگلیزی وەرگیراوە، لە ساڵی 1946دا، لە قۆناغی دووەمی بەشی زمانی ئینگلیزی دەخوێنێت، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسی و بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانێك کە لەشاری بەغدا لە دژی حکوومەتەکەی نووری سەعید ئەنجام دەدرێت، دەستگیر دەکرێت و سێ مانگ حوکم دەدرێت ئەو دەستگیرکردنەی کاردانەوەی لەسەر بەردەوامبوونی خوێندنی لە خانەی مامۆستایانی باڵا دروست دەکات، بەجۆرێك کە دوای ئازادکردنی لە خانەی مامۆستایان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەردەکرێت و ناچار دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەولێر. جەمال حەیدەری، ڕۆلی گرنگی بینیوە لە بوواری گەشەپێدانی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی لە کورستاندا، لەوانەش ئەو پارت و ڕێکخراوانەن کە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر کە خاوەن بیروباوەری چەپ بوون لە ماوە سالانی (1943 – 1945) دایانمەزراندوون، کە ئەوانیش بریتین لە: کۆمەڵەی میللەت، یەکێتی تێکۆشین، شۆڕش، ڕزگاری. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بارزان محەمەد عەلی، جەمال حەیدەری 1926-1963 ڕۆلی سیاسی و ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، 2019 .

(٦) موهیب حەیدەری، ساڵی 1933 لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە سالانی (1948-1949)دا، دەبێتە بەرپرسی لقی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق- 1948/4/14 لە هەولێر، سەر بە حزبی شیوعی عێراق، دوای هەلوەشانەوەی حکوومەتەکەی (محەمەد صدر) و پێکهێنانی حکوومەتی (نووری سەعید) لە ڕێکەوتی 14/1/ 1949 دەستگیردەکرێت و حوکمی دووساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێندرێت، دوای شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 لە نووسینگەی تایبەتی جەمال حەیدەری لە شاری بەغدا، وەکو کادیری بەردەست کاریکردووە، لە دوای کودەتای 8ی شوباتی 1963 لە لایەن کودەتاچییەکانەوە لە 8/3/ 1963 لە سێدارە دراوە (الحزب الشيوعي العراقي، 2001، ص167).

(٧) دیدار لەگەڵ مومتاز حەیدەری، لە ڕێکەوتی (24 /10 / 2015) . لە ڕێکەوتی (1938/3/8) لە شاری هەولێر لەدایکبووە، لە ساڵی 1957 چووەتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سالانی شەستەکاندا، پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقی کردووە و لە ناوەڕاستی ساڵی 1969 وازی لە کاری حزبایەتی هێناوە، چەندین وتار و نووسینی لە بووارە جیاجیاکان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقی و کوردستانییەکان بلاوکردۆتەوە، لەماوەی ژیانییدا ئەندامی دەستەی نووسەرانی هەریەك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (کوردستانی نوێ، نووسەری نوێ، ڕۆشنبیر) و سکرتێری نووسینی گۆڤاری (نووسەری کورد–خوولی دووەم) بووە، ناوبراو بۆ دوو خوول وەکو سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کاری کردووە، هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) بووە، لە ساڵی 2008 تا ساڵی 2014 سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری k21) ، لەیلا قاسم (بووە، ئێستا لە شاری هەولێر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نیشتەجێیە. بڕوانە: بارزان محەمەد عەلی، مومتاز حەیدەری باخچەیەکی ڕەنگین لە کلتووری کوردییدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2019 .

(٨) جەمشید حەیدەری، ساڵی 1943 لە شاری هەولێر لەدایکبووە و خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارە تەواو کردووە، ناوەندی و ئامادەیی لەشاری بەغدا خوێندووە، لە ساڵی 1975 بڕوانامەی ماستەری لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی (لینینگراد)ی یەکێتی سۆڤییەت بەدەستهێناوە، لە ساڵی 1980 دکتۆرای لە کۆلێژی زمان لە (لینینگراد) بەدەستهێناوە، لە ساڵانی (1980-1983)دا وەك توێژەر لە پەیمانگای (ڕۆژهەڵاتناسی) لەبەشی زمان لە شاری لینینگراد کاریکردووە، بۆ ماوەی چەند ساڵێك مامۆستا بووە لە (کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین -هەولێر)، ئیستا خانەنشین کراوە و لە شاری هەولێر دادەنیشێت.

(٩) م. و. د، القلم السری 1946، رقم الاضباره 41/ 110، العنوان: الجمعیات والنوادي، الموضوع : حزب رزکاری کورد، ص20، وەرگیراوە لە : (رسول، 2005، ص262).

(١٠) کۆی باس و خواسی کتێبی (میر)ی بیرمەندی ئیتاڵیایی سەردەمی ڕێینسانس نیکۆلای میکیاڤیللی (١٤٦٩/ فلۆڕەنسا-١٥٢٧/ فلۆڕەنسا)، ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانی میر و دەسەڵاتدارانە، بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و هەژموونی دەسەڵاتداریان بەو شێوازەی (گرنگ نیە چۆن سەر ئەکەویت، گرنگ سەربکەویت) (ستەم بکە تا لێت بترسن) (کێ بووە بەربەستت لەناوی ببە و بەسەریدا تێپەڕە، بۆ گەیشتن بە ئامانج و پتەوکردنی جێگاکەت).

(١١) مديرية الشرطة العامة- شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، (موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعى العراقى السري، 1949،ص 72)

(١٢) بۆ زانیاری سەبارەت بەو کابینەیە و وەزیرەکانی بڕوانە : (الحسني، ١٩٩٨، ص 160 وما بعدها).

(١٣) پەیمانی پۆرتسمۆس: ئەو پەیمانە لە ڕێکەوتی (1948/8/15) دا، لە نێوان (ساڵح جەبر) سەرۆك وەزیرانی عێڕاقی ئەوسا و (ئارنست بیڤن) ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە بەندەری پۆرتسمۆس لە کەناری دەریای مانش

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دا مۆرکرا، بۆیە بەوناوە ناسراو هەروەها بە ناوی (جەبر–بیڤن) یش دەناسرێ، بۆ زانیاری دەربارەی بەند و بڕگەکانی بروانە : (الحسني، ١٩٩٨، ص 234-247؛ شبيب، 1988، ص 62-69).

(١٤) حوکمی عورفی: واتە ڕاگەیاندنی باری نائاسایی، کە چەند ناوچەیەك و هەندێ جار تەواوی ووڵات دەگرێتەوە، بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی (1921-1958)، (16) جار ڕاگەیەندراوە و دووجار تەواوی عێراقی گرتووەتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : (الحسني، ١٩٩٨، ص 288-289).

(١٥) گۆڤاری گەلاوێژ: گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوو، لە نێوان ساڵانی (1939-1949) دا، لە شاری بەغداد دەرچووە. لەلایەن هەریەك لە ئیبراهیم ئەحمەد، وەك خاوەن ئیمتیاز و عەلائەددین سەجادی، وەك مودیری ئیدارە و نووسین، بەڕێوە براوە و (116) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە (نەجاڕ، ٢٠١٩، ل26).

(١٦) ڕاپەڕینی مایس: لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٤١ لە عێڕاق بە ڕێبەرایەتی ڕەشید عالی گەیلانی سەرۆککوەزیران هەڵگیرسا ئامانجی ڕاپەڕینەکە دەرکردنی بەریتانیا لە عێڕاق بە پاڵپشتی ئەڵمانیای نازی بوو، بەڵام هێزەکانی بەریتانیا بۆردومانی پێگە سەربازییەکانی عێڕاقیان کرد و، دوای ٢٨ ڕۆژ ڕاپەڕینەکەیان شکست پێهێنا و ڕەشید عالی گەیلانی ڕایکردە دەرەوەی عێڕاق. لە مێژووی عێڕاق بە ڕاپەڕینی مایس ناسراوە (الزبيدي، 1983، ص31).

(١٧) حزبی هیوا: ساڵی 1939، بە دەستپێشخەری کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی کورد، دامەزراوە. وەك سەرچاوەیەك ئاماژەی پێدەکات، سەرەتای دروستبوونی حزبەکە لە شاری هەولێر، دەستی پێکردووە. ئەندامە بەراییەکانی ئەمانەبوون: مستەفا عوزێری، یونس ڕەئوف دڵدار، جەلال قادر، موسا سەمەد، ئیحسان باخچەچی، ڕۆستەم عەبدولجەبار. پاشان ئەمانە، پەیوەندیان بە (ڕەفیق حلمی)یەوە کردووە و کردوویانەتە سەرۆکی حزبەکە. لە دروشمەکانی ئەو حزبە، خەبات بووە لە دژی فاشیزم و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی گەلی کورد. دواتر حزبەکە فراوان بووە. لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و لە شاری بەغدا ئەندام و لایەنگری هەبووە و چالاکیان نواندووە. تا ساڵی 1943 بەردەوام بووە. پاشان بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی هەڵوەشاوەتەوە (حيدري، 2004، ص346-347؛ رسول، 2005، ص136-143).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(١٨) یاسای ڕێکخستنی ژیانی ئابووریی عێراقی، ژمارە (٤١) لە ڕێکەوتی ١٩٤٣/١٤/١٣ دا دەرچووە، ئامانج لە یاساکە، ڕێگریکردنە لە قۆرخکردنی بازاڕ و یارییکردن بە نرخی شتومەک و زۆر بڕگەی دیکە، بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی یاساکە بڕوانە: (الوقائع العراقية، العدد:2090، 1943/04/18).

(١٩) لە دەموساتی ئاهەنگەکەی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦، سەعید قەزاز موتەسەریفی هەولێر (١٩٤٤-١٩٤٧) بووە (بێخاڵی، ١٩٩٧، ل١٨)، بەڵام ڕەزامەندی ئاهەنگەکە لە شامل یەعقووبی یاریدەدەری موتەسەریف وەرگیراوە (دەفتەری کوردەواری، ژ:٢، مارت-نیسانی ١٩٧٠، ل٨-١٤).

(٢٠) سەبارەت بە ئاهەنگێڕانەکانی نەورۆز لە شاری هەولێر، بڕوانە: (فەیزی،٢٠٠٥، ل٤٠-٤٥)

(٢١) لە سەرچاوەی دیکەدا هاتووە، کە عاسم حەیدەری وتاری حزبی ڕزگاری کوردی لە ئاهەنگەکەدا پێشکەش کردووە (حەیدەری، ب١، ٢٠١٨، ل١٣٧)

(٢٢) ئەبو عەلای مەعەڕی-ابو علاء المعري (953-1057): شاعیر و فەیلەسوفی گەورەی عەرەب، لە (مەعرەتولنوعمان)ی باکووری سووریا لەدایکبووە و هەر لەوێش کۆچیدوایی کردووە. زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکەی شاعیر بوونە، مەعەڕی لەتەمەنی چوار ساڵییدا چاوەکانی نابینا بووە، بەڵام لەناخیدا ئومێدی ژیان و ململانێ لەگەڵ کۆسپەکاندا بوونی هەبووە و لەوەشدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و بۆتە نموونەی یەکێک لە دیارترین شاعیرانی عەرەب (الفاخوري، ١٩٥٣، ص٦٨٦) .

(٢٣) سامانییەکان: بنەماڵەیەکی سوننی ئێرانی بوون، کە لە نێوان ساڵانی (٨١٩ – ٩٩٩ ز)دا، لە بەشێک لە خاکی ئێستای ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، تاجیکستان و تورکمانستان دەسەڵاتدار بوون. دەوڵەتی سامانی، ناتوانرێت وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێتە ئەژمار، بە هۆی ئەوەی لەژێر چاودێری دەوڵەتی عەبباسی دا بوو (نەراقی، ٢٠١٤، ل٦٣-٦٤).

(٢٤) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی مێژووی ڤێتنام، بڕوانە: (جلال، 1984، ل٥-٥٠).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوە:.

بەڵگەنامەکان :

م.و.د، القلم السرى 1946، رقم الاضباره 41/ 110، العنوان : الجمعيات والنوادى، الموضوع : حزب رزکاری کورد.

کتێب:

یەکەم/ بە زمانی کوردی :

- بێخاڵی، ١٩٩٧، مەولوود قادر، هەولێرم وادیوەو-بیستوە، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- حەیدەری، مومتاز، ١٩٨٤، حەیدەرییینامە، ب١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- جلال، محمد عباس، ١٩٨٤، مێژووی خەباتی گەلی ڤێتنام، و: فەرهاد هەمزە، چاپخانەی اسعد، بەغداد.
- ڕەسوول، اسماعیل شوکر ، ٢٠٠٧، نەورۆزی هەولێر 1932-1958 چەند لاپەڕەیەکی شاراوەی مێژووی گەلی کوردە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- شەمزینی، عزیز، ١٩٩٨، جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، و، فەرید ئەسەسەرد، چ3، سلێمانی.
- عمر، سەروەر عبدالرحمن، ٢٠١٩، حزبی شیوعی عێراق و مەسەلەی کورد (1934 – 1975) ، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی.
- فەیزی، گۆران سۆران، ٢٠٠٥، باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر ١٩٣٥-١٩٥٨، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- قادر، مەهدی محەمەد، ٢٠٠٥، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق 1945-1958، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.
- قەرەداغی، محەمەد عەلی، ٢٠٠٤، بووژانەوەی زانایانی کورد لە رێگەی دەستخەتەکانیانەوە، چ1، هەولێر، ب6 .
- گۆمەتاڵی، بورهان حاتم، ٢٠١٢، ساڵح حەیدەری 1922-2001 ڕۆلی سیاسیی و ڕووناکبیری، چ1، هەولێر.
- محەمەد عەلی، بارزان، ٢٠١٩، جەمال حەیدەری 1926-1963 ڕۆڵی سیاسی و رۆشنبیری، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

--------- ، ٢٠١٩، مومتاز حەیدەری باخچەیەکی ڕەنگین لە کلتووری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

- مدرس، عبدالکریم، ١٩٨٤، بنەماڵەی زانیاران،چ1، بەغداد.
- مەزهەر، کەمال، ٢٠٠٦، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرهەڤکرنا :عەبدوڵلا زەنگەنە، چ1، هەولێر،ب2 .

- نەراقی، حەسەن، ٢٠١٤، پوختەی مێژووی ئێران، و: شەهرام عەبدوڵڵا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
دووەم / بە زمانی عەرەبی :
البغدادي، ابراهيم فصيح صبغه الله بن اسعد الحيدرى، ١٩٩٩، عنوان المجد فى بيان احوال بغداد والبصره و نجد، تحقيق : گورگيس عواد و ياسين باش اعيان، بيروت.
البغدادي، محمد سعيد الراوى، ٢٠٠٧، تاريخ الأسر العلمية فى بغداد، تحقيق و تعليق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، ط2، بغداد.
الحربي، علاء جاسم محمد، ٢٠٠٢، العلاقات العراقية – البريطانية 1945-1958، ط1، بغداد.
الحزب الشيوعى العراقى، ٢٠٠١، شهداء الحزب شهداء الوطن سفر نضالى موجز عن شهداء الحزب الشيوعي العراقي للفتره بين 1934-1963،ج1،بيروت.
الحسني، عبدالرزاق، ١٩٩٨، تاريخ الوزارات العراقيه، ط(7)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ج1.
- ................، ١٩٩٨، تاريخ الوزارات العراقيه، ط(7)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ج7 .
................، ١٩٩٨، تاريخ الوزارات العراقيه،ط(7)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ج10 .
..................، ١٩٨٣، تاريخ الاحزاب السياسية العراقية، ط2، بيروت.
حيدري، صالح، ٢٠٠٤، مختارات من مذكرات صالح الحيدري، ط2، مطبعة رنج، سليمانية.
الجبوري، ١٩٧٧، عبدالجبار حسن، الاحزاب والجمعيات السياسية فى القطر العراقي 1908-1958، دار الحرية، بغداد.
رسول، اسماعيل شكر (الدكتور)، ٢٠٠٥، اربيل-دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي 1939-1958، مطبعة بينايي، سليمانية.
الزبيدي، محمد حسين، ٢٠٠٥، ثورة ١٤ تموز في العراق، دار الحرية للطباعة، بغداد.
زكى، محمد امين، ٢٠٠٥، مشاهير الكرد و كردستان، ج2، اعداد: رفيق صالح، السليمانية.
شبيب، محمود، ١٩٨٨، وثبة في العراق و سقوط صالح جبر، بغداد.
شريف، عبدالستار طاهر، ٢٠٠٧، الجمعيات و المنظمات والاحزاب الكردية فى نصف قرن 1908-1958، ط2، من منشورات دار سردم، للطباعة والنشر، السليمانية.
الطالباني، جلال، ١٩٧١، كردستان والحركة القومية الكردية، ط2، بيروت.
العمري، عصام الدين بن على بن مراد، ١٩٧٥، الروض النضر فى ترجمة ادباء العصر، تحقيق : د. سليم النعيمي، بغداد، ج3 .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الفاخوري، حنا، ١٩٥٣، تاريخ الادب العربي، بيروت.

مديرية الشرطة العامة- شعبة مديرية التحقيقات الجنائية، ١٩٤٩، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعى العراقى السري،ج1،بغداد.

دەستنووس:

- مومتاز حەیدەری، بۆتان دەگێڕمەوە، ئامادەکردنی : حەیدەری عەبدوڵڵا و دڵشاد خۆشناو، (دەست نووس، لای نووسەر پارێزراوە).

بیرەوەری :

یەکەم/ بە زمانی کوردی:

حەیدەری، جەمشید، ١٩٩٣، چەند لاپەڕەیەك لە بیرەوەرییەکانم 1949-1966، ستۆکهۆلم.

گوڵچنێك لە یاداشتەکانی ساڵح حەیدەری _ یادداشت و تیلەچاوێك بە مێژووی جووڵانەوەی نیشتمانی و شۆڕشگێڕی لە کوردستان و عێراقدا، ٢٠١٩، وەرگێڕانی : حەیدەر عەبدوڵڵا، پێداچوونەوەی: مومتاز حەیدەری، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

کەریم، ئەحمەد، ٢٠٠٧، رێرەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

دووەم : بە زمانی عەرەبی :

الحيدري، صالح، ٢٠٠٤ مختارات من مذكرات صالح الحيدري، السليمانية.

دزەیی، محسن، ٢٠٠١، احداث عاصرتها، ج1، حاوره : طارق ابراهيم شريف، دار أراس، ربيل.

شاويس، نوري، ١٩٨٥، من مذكراتي، من منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستانى، د.م.

فتح الله، جرجيس، ١٩٩٨، زياره للماضى القريب، ط3، ستوكهولم.

نامەی زانکۆیی:

نەجارِ، هۆشەنگ ساڵح محەممەد شەریف، ٢٠١٩، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری بەغدا ١٩٥٨-١٩٧٥/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە، تێزی دکتۆرا، بەشی مێژوو-کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

چاوپێکەوتنەکان :

- ئەحمەد دڵزار، هەولێر (2015/12/21) .
- جەمشید حەیدەری (دکتۆر)، لە (2015/11/26) .
- مومتاز حەیدەری، هەولێر، لە ( 24 / 10 / 2015) .
- مومتاز حەیدەری، هەولێر، لە ( 14 / 7 / 2020) .

وتار و توێژینەوەکان :

یەکەم. بە زمانی کوردی :

حەیدەری، جەمشید، فەزیلە وەلی چەلەبی 1893-1898، گۆڤار " شاووشکا "، ژ (6).

حەیدەری، عاسم، لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی شاری هەولێر، بیرەوەری ئاهەنگی نەورۆزی 1946، دەفتەری کوردەواری، ژ (2).

-----------، (و)، رۆدکی کێ یە؟، هیوا، ژ:١١-١٢، حوزەیران و تەمووزی ١٩٥٩.

---------- (و)، خەبات بۆ پاراستنی ئاشتی خەباتە بۆ ئازادی نیشتیمان، هیوا، ژ:٢-٣، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩ و کانوونی دووەمی ١٩٦٠.

---------- (و)، ئەدەبی میللی کۆن و ئەدەبی کلاسیکی ڤێتنام، هیوا، ژ: ٣٤، ئەیلوولی ١٩٦١، ل٦٥.

---------- (و)، شاعیرێکی جەنگاوەر، گەلاوێژ، ژ:٨، ئابی ١٩٤٣.

-----------، پۆل ڕۆبنسۆن، هاوکاری، ژ: ٢٦، ١٩٧٠/٧/٤.

حەیدەری، مومتاز، یادی عاسم حەیدەری تێکۆشەر، هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (126)، 22ی تەممووزی 1972 .

چلەی تێکۆشەر عاسم حەیدەری، هاوکاری " ڕۆژنامە"، ژ (30)، 18ی ئابی 1971.

رسول، عزالدین مصطفی، دلوپی فرمیسك بۆ عاسم حەیدەری، ژین "ڕۆژنامە"، ژ (39)، 16/ 9/ 1971.

شارەزا، کەریم، خەباتگێڕی پێشکەوتنخوازی کورد عاسم حەیدەری 1921-1971، گۆڤاری k21، ژ (1)، 2008.

عەوداڵ، سامی، شین، هاوکاری "ڕۆژنامە"، ژ (29)، 14ی ئابی 1971 .

مەلا کریم، محمد، لە چلەی عاسم حەیدەری دا چەند بیرەوەری یەکی خۆش، هاوکاری "ڕۆژنامە"، ژ (30)، 18ی ئابی 1971 .

دووەم. بەزمانی عەرەبی:

اینال، محمود کمال، ابراهیم الحیدری في ذاكرة التاسعة والأربعين /عن كتاب/ صوت عصر تورك شاعیرلری، ج1، "العراق" (جريدة) ، ع (1171)، 1980/1/3.

لمحات من حياة المناضل المرحوم عاسم الحيدري، "هەولێر " (مجلة)، ع ( 2)، سنة (2)، ايلول 1971 .

من حياة الفقيد عاسم الحيدري النضالية، "التأخي" جريدة "، ع (790).

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Asim Al-Haidari

## His life and his political and cultural role

**Hoshang Salih Najar**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hoshang.muhammad@su.edu.krd

**Barzan Muhammad ali**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
barzan.ali@su.edu.krd

***Keywords:*** *AL-Haydari, Hawler, Politics, The culture, Article*

**Abstract**

This study attempts to investigate one of the great Kurdish political and intellectual figures (Hasim Haydari) who had played a great role in the twentieth century in the development of the national freedom movement of Iraq. In addition, he has worked in many Kurdish and Arabic newspapers. He has also used literary genres to raise peoples' awareness. In spite of all these great achievements, he has not been very well-appreciated and valued in the history of his nation. Therefore, we have dedicated this study to this under the title (Hasim Haydari 1921-1971 political and cultural role). Apart from the introduction, this study consists of two main parts. The first part is devoted to his biography and his role in the national freedom movement in Iraq and kurdistan. The second part Its focuses on the cultural role and an axis divided into two topics, the first talks about his writings and publication in newspapers and magazines, and the second deals with his articles translated in the political and literary aspects.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٥) – ژمارە(٤)، زستانی ٢٠٢٠

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص:**

تحاول هذه الدراسة استقصاء أحد الشخصيات الكردية السياسية والفكرية هو (عاسم الحيدري)، الذي لعب دوراً كبيراً في القرن العشرين في تطوير حركة التحررية العراقية والكوردستانية. بالإضافة إلى ذلك ، كتب في العديد من الصحف الكردية والعربية. كما استخدم كتاباته لرفع وعي الناس. على الرغم من كل هذه الإنجازات، إلا أنه لم يتم تقديره وتقديره جيدًا في تاريخ أمته. لذلك ، خصصنا هذه الدراسة تحت (عنوان عاسم الحيدري حياته ودوره السياسي والثقافي 1921-1971). يتكون البحث من محورين رئيسيين. محور الأول مكرس لسيرته الذاتية ودوره في حركة التحررية الوطنية في العراق و كوردستان. و محور الثاني يركز على دوره في مجال نشر مقالاته في الصحف والمجلات ، والثاني عن مقالاته المترجمة في الجوانب السياسية والأدبية.